### ئەگەر بەغدا وەڵامی ئیجابی نەبێت بۆ دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستووردا

# عەبادی هەڵەی رژێمە شۆڤێنییەکانی پێش خۆی دووبارە دەکاتەوە

بە حوکمی ئەوەی لە شەستەکانی سەدەی رابردووەوە یەکێك بووم لە ئەندامانی شاندی دانوستاندنی نێوان شۆڕشی کوردستان و حکومەتەکانی عێراق، گۆڤاری گوڵان ئەو پرسیارەی لێکردووم، ئایا دەبێت ئەمجارەیان وتووێژەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا چۆن دەست پێبکاتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، من ئومێدی ئەوە ناخوازم مێژووی دانوستاندنەکانی نێوان شۆڕشەکانی کوردستان و رژێمەکانی بەغدا، جارێکی دیکە لەگەڵ حکومەتی حەیدەر عەبادی دووبارە ببێتەوە، ئەمەش لەو روانگەیەوە دەڵێم، لەبەر ئەوەی بە درێژایی مێژووی شۆڕشەکانی کوردستان، رژێمەکانی بەغدا تەنیا ئەو کاتانە ملیان بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ داوە، کە لاواز بوون، یان لە ئاستی قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەستەوەستان بوون و تێکشکاو بوون. بۆیە ئەگەر عەبادی هەوڵبدات هەمان مێژووی رژێمەکانی پێشووی عێراق لە ئاستی حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان دووبارە بکاتەوە و، بە هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنیی ئەوان هەڵوێستی نەرم و لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بخوێنێتەوە، ئەوا زۆر بەداخەوە دەڵێم: دەستپێکردنی دیالۆگ لە نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستوور، کارێکی نیمچە مەحاڵ دەبێت.

ئەم بۆچوونەی من لە رەشبینییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لێدوانەکانی حەیدەر عەبادی لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردووەوە، بارودۆخێکی تەنگژاویی ئەوتۆی دروستکردووە کە هیچ رووناکییەك بۆ جێبەجێکردنی دەستوورەکە لەلایەن بەغداوە دیار نەبێت. لەسەر ئەم پرسە زۆر جار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم: ئێمە بەوجۆرە سەیری د.حەیدەر عەبادیمان دەکرد کە سەرۆك وەزیرانێکە لەوانی پێش خۆی جیاوازە وەك چۆن لەوەو پێش ناسیوومە، بەڵام ئێستا بۆ بەو شێوەیە گۆڕا؟ یان ئەو پرسیارە دەکەم: ئایا عەبادییش هەمان بیرکردنەوەی ئەوانی پێش خۆی هەبووە و بە جۆرێکی دیکە نمایشی سیاسی لەگەڵ ئێمە کردووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەش دیسان دەڵێم: خەریکە عەبادی بە تەواوی دەیسەلمێنێت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەوانەی پێش خۆی نییە.



## موحسین دزەیی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

خوێندنـەوەی واقیعی کوردسـتان بەم ئاراسـتەیە، دەمانگەیەنێتـە ئـەو قەناعەتەی کـە بڵێین: ئەوەی ئێسـتا حکومەتەکەی عەبادی بە پاڵپشـتی ئێران و قاسـم سـولەیمانی دژی کوردسـتان دەیکات، پیلان و رق و کینەیەکـی پێشـوەختەی دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێراق بەرامبەر بە کوردستان و ئامانجیان سـڕینەوەی کیانـی سیاسـیی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتانە، نـەك وەك هەنـدێ کـەس و لایـەن بـە ئەنجامدانـی ریفراندۆمـەوە گرێیدەدەنـەوە ، ئەمـە لەکاتێکدا بریتییە لە دەربڕینی رای ئازاد و هەموو خەڵك و حزبە سیاسـیەکانی کوردسـتان پشـتگیریان لیکـردووە و بەشـداریان تێدا کـردووە ، لەمەش زیاتر بەپێـی مـاددە ٣٨ی دەسـتووری عێـراق، دەبێـت دەوڵەتـی عێـراق خـۆی پابەنـدی پاراسـتنی ئـەم خاڵانە بێت:

١. ئازادی رادەربڕین بە هەموو شێوەکان.

٢. ئـازادی رۆژنامەگـەری و چاپکـردن و ئاگاداری و راگەیاندن و بڵاوکردنەوە.

٣. ئازادی کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی هێمنانە کە بە یاسا رێکدەخرێت.

بەپێـی خاڵـی یەکەمـی ئەم ماددەیـە ریفراندۆم بریتییـە لـە مافی ئـازادی رادەربڕیـن لە رێگەی سـندوقی دەنگدانـەوە، هـەر بۆیە کاتێك دەسـتوور دەکاتە چەترێك بۆ هێرشـکردنە سـەر کوردستان بە حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێـراق، ئەمـە جیا لـەوەی جووڵاندنی هێـز، یـان بەکارهێنانی هێزی سـەربازی بـۆ کێشـە ناوخۆییـەکان پێشـێلکردنی دەسـتوورە، لەهەمانکاتـدا کـە ریفراندۆمیشـی کـردووە بـە بیانـوو بۆ ئـەو ئامانجە، دیسـان هیچ ماددەیەکـی دەسـتووری عێـراق نییـە ریفراندۆم رەتکاتـەوەو ئەمـەش پێشـێلکردنێکی دیکـەی دەسـتوورییە، لەمـەش زیاتر ئەمـە یەکەمجار نییە لـە دەوڵەتێکی فیدراڵیدا ریفراندۆم ئەنجام بدرێت. هـەر بـۆ نموونە سـکۆتلەندا هەتا ئێسـتا دوو جار ریفراندۆمـی کـردووە بـۆ ئـەوەی لـە شانشـینی بەریتانیـا جیاببێتـەوە، بـەڵام خەڵکەکـەی دەنگی بـۆ سـەربەخۆیی نەداوە و حکومەتـی بەریتانیاش کاردانـەوەی تونـدی نەبووە، هەروەهـا لە هەرێمی کویبیکـی کەنـدا کـە ماوەی شـەش مانـگ لەو وڵاتە بووم، جیا لەوەی چەند جارێك ریفراندۆمیان

ئەنجامـداوە، لەهەمانكاتـدا لـەو وڵاتـە پارتێكـی سیاسـی بە ناوی (پارتی سـەربەخۆیی كوبیك) هەیـە و دەوڵەتـی كەنـدا موڵەتـی پێداوە. لەهـەر یـەك لـەو وڵاتانـە ئەگـەر خەڵكەكـەی دەنگـی بۆ سـەربەخۆیی بدایە، راسـتەوخۆ سـەربەخۆییان رادەگەیانـد، بـەڵام ئێمـە لەگەڵ ئـەوەی نزیكەی ٩٣٪ی بەشـداربووانی ریفراندۆمـی سـەربەخۆیی كوردسـتان دەنگیـان بـۆ سـەربەخۆیی دا، بـەڵام سـەركردایەتی سیاسـیی كوردسـتان رایگەیانـد، كوردستان لەسەر ئاكامی ریفراندۆم لەگەڵ بەغدا دیالۆگێكـی كـراوە دەسـت پێـدەكات و راسـتەخۆ سەربەخۆیی راناگەیەنێت.

لەسـەر ئـەم پاشـخانە دەكرێـت بڵێـم: ریفرانـدۆم بیانـوو بـوو بـۆ ئـەو هێرشـە، لەبـەر ئـەوەی لـە میانەی پرۆسـەی ئازادكردنەوەی شـاری موسـڵ لـە تیرۆریسـتانی داعـش كە هێزی پێشـمەرگەی كوردسـتان دەروازەی شـارەكەی بۆ ئازادكردنەوەی موسـڵ كردەوە، ئەوكات بەشـێك لە فەرماندەكانی حەشـدی شـەعبی بـە ئاشـكرا دەیانگـوت، دوای ئازادكردنەوەی موسـڵ سەرەی حەویجەیەو دوای ئەوێـش دەچینـەوە كەركـوك، هەربۆیە كە ئێسـتا حكومـەتی عەبادی بەناوی گێڕانەوەی دەسەڵاتی فیدراڵـی دەیەوێت كوردسـتان داگیربكاتەوە، یان گەمارۆیەكی توندی ئاسمانی و ئابووری و دارایی خستۆتە سەر كوردستان بۆ ئەوەی تەسلیم ببین، ئەوا مـن ناچارم لـە روانگەی ئەو ئەزموونەی لەگەڵ جەنابی بارزانیی نەمر و سـەرۆك مسعود بارزانی هەمە، ئەو راسـتییە ئاشـكرا بكەم، كە تێڕوانین و بیركردنەوەی بارزانیی نەمر و ئێسـتاش سـەرۆك مسـعود بارزانـی بـۆ شـەڕ و ئاشـتی بەمجۆرەیە و هـەر بەمجـۆرەش دەمێنێتـەوە: «دیالـۆگ و دانوستاندن بۆ چارەسەری كێشەكان سەدان جار لە پەنابردن بۆ شەڕ بە باشتر دەزانن، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بە درێژای نزیكەی ٦٠ سـاڵی رابردوو هیچ كاتێك نە بارزانیی نەمر و نە سەرۆك مسعود بارزانی دیالۆگ و دانوسـتاندنیان رەدنەكردۆتەوە، بـەڵام ئەگـەر بەراوردەكـە لەنێوان تەسـلیمبوون بە ئیـرادەی بەرامبـەر و شـەڕكردن و بەرگـری لـە شـكۆی كوردسـتاندا بوویێـت، ئـەوا بـە درێژایـی ئـەو مێـژووە هەردووكیـان شـەڕ و بەرگریكردنیان لە شـكۆی كوردسـتان هەزار جار لە تەسـلیمبوون بە باشـتر زانیووە.» ئەم پرەنسـیپەی ئێسـتاش كە حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان بە سـەرۆكایەتی نێچیرڤـان بارزانـی بـۆ دیالۆگ لـە چوارچێوەی دەسـتوور لەگـەڵ حكومەتـی بەغـدا پیـادەی دەكات، لـە پرەنسـیپی رێبـازی بارزانی دەرناچێت و ئامانجی حكومەتی هەرێمی كوردسـتان ئەوەیە كێشـەكان بە دیالۆگ و ئاشتییانە لەچوارچێوەی دەستوور چارەسەر بكرێت، ئەم پرەنسیپەش پێویستە پێـش هەمووان حكومەتی عەبـادی و لایەنەكانی شـیعە لێـی تێبگـەن و دوای ئەوانیـش پێویسـتە كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعشیش لێی تێبگەن.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە سەرەكییەكە و جارێكـی دیكـە بە جۆرێكی دیكە دایبڕێژینەوە و بپرسـین: ئەگەر بەغدا مل نەدات بۆ دیالۆگ و دانوسـتاندنی ئاشـتییانە بـۆ جێبەجێكردنـی دەسـتووری عێـراق، ئایا بارودۆخەكـە بەرەو كوێ هەنـگاو هەڵدەگرێـت؟ بـە بۆچوونـی من باشـترە وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك بدەینەوە:

١. بـژاردەی نێـوان شـەڕ و تەسـلیمبوون، لـە ٢٠- ٢٦ی ئۆكتۆبـەر لەلایەن هێزەكانی حەشـدی شـەعبی و سـوپای عێراقـەوە لـە میحوەرەكانـی پردێ و سحێلا و رەبیعە تاقیكرایەوە، بەڵام هێزی پێشـمەرگەی كوردسـتان بـە تۆماركردنـی چەنـد داسـتانێك بـەو زمانـەی لێـی تێدەگـەن، وەڵامـی دانـەوە و پێـی گوتن: «شـەڕكردن و بەرگریكردن لەشـكۆی كوردسـتان، هەزار جار لە تەسـلیمبوون بـە باشـتر دەزانن.» بەمەش سـنووری بـۆ دانان. ئـەم وەڵامـەی هێزی پێشـمەرگەی كوردسـتان تا رادەیـەك بەغـدا لێـی تێگەیشـت و تـا رادەیەكـی باشـیش هەڵوێسـتی كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی و دەوڵەتانـی هاوپەیمانیـی شـەڕی دژی داعشـی گۆڕی، بەڵام هێشتا وەك پێویست نییە.

٢. حكومەتـی عەبادی تێگەیشـت كە ناتوانێت بە رێگەی شـەڕی سـەربازی كوردسـتان تەسـلیم بـكات، پەنـای بـردە بـەر شـەڕی گەمـارۆی ئابـووری و ئاسـمانی و دارایـی و یاریكـردن بـە كات، لەمەشـیاندا حكومەتی هەرێمی كوردسـتان هەمـوو بیانووەكانـی حكومەتـی بەغـدای بڕیوەو كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتیـش داوای جێبەجێكردنـی دەسـتوور دەكات، بـەڵام پێدەچـێ هەتـا ئێسـتا گوشـاری كۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لەو ئاسـتەدا نەبێـت كە بەغدا ناچاری دیالۆگ و دانوسـتاندن

بکات، بۆیە جارێکی دیکە لەناوچەکانی تەماس لەگەڵ هێزی پێشمەرگە خەریکی هێز کۆکردنەوەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بە هێزی سەربازی خۆی تاقیبکاتەوە، بەڵام هەمان ئاکامی هەوڵەکانی پێشووی دەبێت.

٣. بۆ ئەوەی ڕێگری لە حکومەتی بەغدا بکرێت واز لەو لووتبەرزی و غرووربیە بهێنێت، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتیوانی خۆی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور زیاتر بکات، هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش و نەتەوە یەکگرتووەکان کە تا ئێستا تەنیا داوای دیالۆگ لە چوارچێوەی دەستوور لە نێوان هەردوولا دەکەن، دەبێت هەڵوێستی خۆی توند بکات کە دانوستاندنی نێوان بەغدا و هەولێر مولزم بکات.

لەسەر کۆی ئەم ئەگەرانەی کە سەبارەت مامەڵەی حکومەتی بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان کراوەن، خاڵی هەرە گرنگ و گەوهەری ئەوەیە کە ئێستا لەبەغدا مەرجەعێکی بڕیاری ئەتۆ نییە کە توانای بڕیاردان و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی هەبێت، ئەمەش وەك د.ئەیاد عەلاوی لە ماوەیەی ڕابردوو ئاماژەی پێکردووە، کەس نازانێت لە بەغدا کێ مەرجەعی بڕیارە، ئایا سیستانی یان عەبادییە، یان مالیکی، یان عامری، یاخود ئایا ئیرادەی سیاسیی عێراق لەدەستی حکومەتی عێراقدایە، یان لەژێر کاریگەری ئێراندایە؟ ئاشکرایە جیا لەوەی مەرجەعێکی بڕیار لە بەغدا بوونی نییە، لە هەمانکاتدا سەبارەت بە جێبەجێکردنی دەستوورەکەش بەغدا بە تەواوەتی لەژێر کاریگەری ئێراندایە.. هەر بۆ نموونە لەکاتی پێشوازیکردنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆشکی ئەلیزی، سەرۆك ماکرۆن زۆر ڕاشکاوانە داوای جێبەجیکردنی دەستوور و هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد، بەڵام وەك بینیمان عەلی شەمخانی لە ئێرانەوە هەڵوێستی وڵاتەکەی لەهەمبەر قسەکانی ئەمانوئێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ڕاگەیاند، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئێران ئەو مافەی بە خۆی داوە کە عێراق بە پاشکۆی خۆی بزانێت، دیارە لەمەشدا تەنیا بەغدا پاشکۆی ئێران نییە، بەڵکو هەریەك لە دیمەشق و بەیروت و سەنعاش پاشکۆی ئێرانن. هەروەك ئێران خۆشی ئەمە دەڵێت.

**• یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و زیادبوونی پشتگیری نێودەوڵەتی زامنی دیالۆگێکی سەرکەوتووە**

هۆکاری سەرەکیی ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەر بەسەرماندا هات، نەبوونی یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بوو، هەربۆیە لەدوای ئەم بەروارەوە کاری سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵدان بووە بۆ ئەوەی ئەم یەکڕیزییە دروست بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە هێشتا لەگەڵ ئەوەی دیالۆگ و هەوڵەکان بۆ ئەم ئامانجە بەردەوامە، بەڵام وەك پێویست دروست نەبووە، بەتایبەتی بزووتنەوەی گۆڕان کە داوادەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبوەشێتەوەو لەجێی ئەو حکومەتێکی کاتی دابمەزرێت، بۆ ئەمەش هەتا کۆتایی ئەم مانگە مۆڵەتی حکومەتیان داوە و، دوای ئەوە بەنیازن وەزیرەکانیان لە حکومەت بکشێننەوە و دەست بکەن بە هێرشی میدیایی دژی حکومەت و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاشکراشە هەریەك لە کۆمەڵی ئیسلامی و تاقمی خیانەتکاری ١٦ی ئۆکتۆبەر لەناو یەکێتی، پشتگیری داوایەکەی گۆڕان دەکەن. لەبەرامبەریشدا وەك گوێم لێ بووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان یەك دوو پێشنیاری داوەتەوە گۆڕان، بەوەی هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، یان هەتا کاتی هەڵبژاردن وەزیرەکانی گۆڕان بگەڕێنەوە ناو حکومەت و کاری خۆیان بکەن.

بە بۆچوونی من لەم بارودۆخەدا کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە شەرعییەتی حکومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکات بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی، هەروەها بەفەرمی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، دروستکردنی ئاستەنگ، یان بیانوو دۆزینەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکومەتە، زیان لە هەڵوێستی حکومەتی کوردستان دەدات و پێگەکەی لاواز دەکات، لەبەرامبەریشدا پێگەی بەغدا بەرامبەر کوردستان زیاتر بەهێز دەکات، بۆیە گرنگە هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ژێر چەتری بەرژەوەندی گشتیی نیشتمانی و نەتەوەیی بە هەڵوێستەکانی خۆیاندا بچنەوە.. ئێستا کاتی سەپاندنی مەرج و مەرجکاری نییە، بەڵکو کاتی ئەوەیە ئەو پیلانە پووچەڵ بکرێتەوە کە دژی کیانی سیاسیی کوردستان چنراوە. بۆیە یەکڕیزیی نیوماڵی کوردستان لەهەر هەنگاوێکی

دیکە گرنگترە، ئەگەر ئەمە دروست ببێت، ئەوا ئەو گۆڕانکاری و پشتیوانییە نێودەوڵەتییەی بۆ کوردستان خەریکە دروست دەبێتەوە، دەتوانین باشتر بیقۆزینەوە و سوودی لێوەر بگرین.

لەدوای داگیرکردنی کەرکووك لەلایەن حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق و هەروەها ئەو کوشتوبڕەی لە دوزخورماتوو دژی هاووڵاتیانی کورد ئەنجام دراوە، (کە بە بڕوای من کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدێکی دیکەی هاوشێوەی هەڵەبجە و ئەنفالی سەردەمی بەعسە کە جارێکی دیکە خۆی دووبارە دەکاتەوە)، هاوکێشەکە خەریکە بۆ بەرژەوەندی کوردستان پێچەوانە دەبێتەوە و وردە وردە دژی هەڵوێستەکانی عەبادی دەبنەوە.

سەردانی ئەمجارەی شاندی حکومەتی کوردستان و ئەو پێشوازییە شایستەی سەرۆك ماکرۆن لێی کردوون و هەروەها قسەکانی ماکرۆن سەبارەت بە پشتگیریکردنی لە حکومەتی کوردستان و جێبەجێکردنی دەستوور، هەنگاوێکی گرنگ و دڵخۆشکەر بوو، لانیکەم دەرگایەکی نوێی کردەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتانی دیکەش هەنگاوی لەو شێوەیە بۆ پشتگیری حکومەتی کوردستان هەڵبگرن، لەسەر ئاستی ئیقلیمیش تورکیا خەریکە هەڵوێستی دەگۆڕێت و بۆی دەرکەوت ئەوەی لەلایەن بەغداوە دژی کوردستان ئەنجامدەرێت، بەرژەوەندییەکانی تورکیا دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە تورکیا خەریکە بە هەڵوێستی خۆیدا دەچێتەوەو هەتا ئێستاش بەکردەیی شتێکی ئەوتۆی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان نەکردووە. لە هەمانکاتدا حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە هەوڵدایە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران و تورکیا ئاسایی و دۆستانە دەبێت.

لەسەر ئاستی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، گومانی تێدا نییە ناوچەکە نەك هەر لەسەر لێواری تەقینەوەیە، بەڵکو پڕیشکی ئەم تەقینەوەیە خەریکە دەردەکەوێت و ئێران بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی چەند بنکەیەکی سەربازی لە سووریا و ئیسرائیلیش بە رۆکێت و فڕۆکە بۆردومانی کردووە، لەمەش خراپتر بڕیارەکەی سەرۆك ترەمپ بە ناسینی قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل هێندەی دیکە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووەو هەڵوێستی نێودەوڵەتی پەرتەوازە کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی لە روانگەی سۆزی نەتەوەو ئایینەوە دژی بڕیارەکەی ترەمپ بن، ئەوا دەوڵەتانی دیکەی جیهان لە روانگەی ئەوەی ئەم بڕیارەی ترەمپ پێشێلکردنی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانە کە داوا دەکات قودس لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دابەش بکرێت و ئەمریکا خۆی ئیمزای لەسەر بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، ئەوا ئەو دەوڵەتانەش بڕیارەکەی ترەمپ رەتدەکەنەوە، بەهەرحاڵ ئەمە واقیعی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە وەك بەرمیلێك barووتی لێهاتووە و ئێمەش لە ناوەڕاستی ئەو بەرمیلەداین. بۆیە گرنگە بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکرێت و لەلایەن هەموو لایەنەکانەوە زۆر بە زیرەکانە بۆ بەرژەوەندیی کوردستان بخوێندرێتەوە.

لەم چوارچێوەیەدا، ئێستا وەك دەردەکەوێت، بەغدا ئەو توانایەی نییە کە خۆی لە ژێر کاریگەریی ئێران رزگار بکات و بەپێی خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمانی هەنگاو هەڵبگرێت، بۆیە مەزندەکان بەو ئاراستەیەن ئەگەر عێراق بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر کاریگەریی ئێران، ئەوا پشتگیری نێودەوڵەتی ئاراستەی خۆی دەگۆڕێت بەرەو کوردستان و چیدیکە حکومەتی عەبادی ناتوانێت بە عینادی و وەك براوەی شەڕ مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکات و یاری بە کات بکات، ئەوەش بە مەرجێ (دووبارەی دەکەمەوە) کە ناوماڵی کوردستان یەکڕیز و یەکهەڵوێست و یەکدەنگ بێت.

لەدوماهی وەڵامەکەم بۆ پرسیارەکەی گوڵان، دوای ئەوەی لایەنەکانم خستەڕوو، راشکاوانە دەڵێم: هەتا ئێستا گوشارەکان نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بەغدا ناچار بکات، کە مل بە دیالۆگی ئاشتییانە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا بدات، ئەمە مانای ئەوەیە هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی هاوپەیمانان چاوەڕێی ئەوە دەکەن، ئاخۆ عەبادی دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا بپارێزێت، یان بە تەواوەتی بۆتە پاشکۆی ئێران، بۆیە ئەم ماوەیە زۆر گرنگە کە حکومەتی کوردستان بتوانێت بە باشی ئیدارەی بارودۆخەکە بدات و خۆی بۆ هەموو ئەگەرەکان ئامادە بکات، بەڵام لە هەموویان گرنگتر دروستکردنی پشتیوانی زیاتری نێودەوڵەتییە بۆ ئەوەی گوشارەکان لەسەر بەغدا زیاتر ببن، پێش ئەوەی بەغدا ئەزموونی تاڵی رژێمەکانی پێش خۆی دژی کوردستان دووبارە بکاتەوە.



## د.عادل باخەوان

چاودێری سیاسی و ئەکادیمیست لە پاریس بۆ گوڵان:

# پێشوازیی فەرەنسا لە شاندی حکومەتی کوردستان دەرگایەکی نوێی بۆ کردینەوە

**فەرەنسا چەند ترسی لە داعشی سوننە هەیە، هێندەش ترسی لە داعشی حەشدی شیعە هەیە**

**لە ئایندەیەکی نزیکدا ریاز و پاریس و واشنتۆن تێدەگەن، گرەوکردن لەسەر عەبادی وەک گرەوکردن بووە لەسەر ئەسپێکی تۆپیو**

**لەسەرەتای ئەم مانگەدا ئەمانوئێڵ ماکرۆن سەرۆکی فەرەنسا پێشوازی کرد لە شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی، بایەخ و گرنگیی ئەم سەردانە لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر کە هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق، کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیان داگیرکردەوە، لەوەدا بوو کە یەکەمین سەردانی فەرمیی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ دەرەوە، هەروەها پشتگیریی فەرەنسا لە میانەی قسەکانی سەرۆك ماکرۆن بۆ حکومەتی شەرعیی هەرێمی کوردستان و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە ماددەی ١٤٠ و داواکردنی بۆ هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، لایەنێکی دیکەی گرنگی ئەم سەردانە بوو. بۆ قسەکردن لەسەر بایەخ و گرنگیی ئەم سەردانە ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د.عادل باخەوان ئەکادیمیست و چاودێری سیاسی و رۆژنامەنووس لە پاریس ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**کورد تا دۆخی قوربانی بەجێنەهێڵێت و خۆی وەک ئەکتەرێک کە کارایی بەسەر سیستمی لۆکاڵی و نیشتمانی و هەرێمایەتی و جیهانییەوە دادەنێت، نەخاتە سەر شانۆکان، ناتوانێت پێگەی خۆی بینابکات و بیپارێزێت و بەهێزی بکات.**

*** ئایا ئێستا دیدی سیاسەتی فەرەنسای سەردەمی ئەمانوئیل ماکرۆن بۆ کوردستان چۆنە، بەتایبەتی کە کوردستان لەناو کارەساتێکی گەورەدایە؟**

- لە فەرەنسادا ئیدارەیەکی نوێ لە (کۆشکی ئێلیزێ)دایە. پارتی سۆسیالیست و فرانسوا هۆلاند کۆتاییان پێهاتووەو لەگەڵ ئەوانیشدا سیاسەتی کۆنی فەرەنسی لەبەرامبەر کورددا کۆتایی پێهاتووە. ئیدارەی نوێ، نە تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا لەسەر ستراتیژیەتی بەهێزکردنی دەوڵەتە نیشتمانییەکان کاردەکات و دەیەوێت رێز لە سەروەریی دەوڵەتان بگرێت. سەبارەت بە کوردستانیش، پەیامی ئیدارەی نوێی فەرەنسا روونە کە کوردستانێکی بەهێزە لەنێو عێراقێکی یەکگرتوودا. گرفتەکە لەوەدایە کە ئەوە کورد نییە کە عێراقی پەرتەوازە کردووە، بەڵکو پێش کورد، ململانێی نێوان شیعە و سوننەیە، پاشان ململانێی نێوان خودی شیعەیە، دواتر ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێرانە. عێراق دەوڵەتێکە کە نەتەوەی نییە، ئێمە شتێکمان نییە و نەبووە بە ناوی نەتەوەی عێراق. بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو، عێراق شکستی هێناوە لەوەی کە لە شیعە و سوننە و کورد نەتەوەیەك بۆ دەوڵەتەکەی دروست بکات. لێرەوە سیاسەتی فەرەنسا، واتە رێزگرتن و بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوە، ناتوانێت لە عێراقی بێ نەتەوەدا جێبەجێ بکرێت.

*** لەدوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، سەرۆکی فەرەنسا یەکەم سەرۆك بوو کە بە فەرمی بانگهێشتی شاندێکی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بە سەرۆکایەتی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی، ئایا وەك چاودێرێکی سیاسی و کوردێك چۆن سەردانی شاندی حکومەتی کوردستان بۆ فەرەنسا دەخوێنێتەوە؟**

- فەرەنسا کۆمەڵێك بەرژەوەندیی باڵای لە عێراقدا هەیە، بەشێکیان ئابوورین، بەشێکی دیکەیان پەیوەندییان بە ئاسایشی نیشمانییەوە هەیە. بەشێکیان سەربازین، بەشێکی دیکەیان پەیوەندییان بە مێژووی فەرەنسا لەگەڵ کەمینەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و مەسیحیەکانی عێراق بەتایبەتیدا هەیە. دۆستایەتیی نێوان گەلی کورد و گەلی فەرەنسا، یان گەلی ئەمریکا، یان هەر گەلێکی دی، لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە جیهانییەکاندا، درۆیەکی گەورەیە و سیاسییەکان ناچارن بیکەن. ئەوەی وادەکات کە لە ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٧ دا، سەرۆك کۆماری فەرەنسا، لە کۆشکی ئێلیزێدا و بە ئاڵای کوردستانەوە، پێشوازی لە وەفدی باڵای حکومەتی هەرێم بکات، کۆی ئەو مەترسییانەن کە لەسەر بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لە عێراقی حەشدی شەعبیدا دروستبوون، حەشدی شەعبی هیچ نین، ڤێرژنێکی دیکەی داعشی شیعی نەبێت. فەرەنسا چەند ترسی لە داعشی سوننی هەیە، هێندەش ترسی لە داعشی شیعی هەیە. هەر ئەمەشە وادەکات کە خودی سەرۆك کۆمار داوای هەڵوەشانەوەی تەواوی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بکات. فەرەنسا و رۆژئاوا بەگشتی، ناچارن بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، چونکە لە دەرەوەی ئەم ئەکتەرە، ناتوانن گرەو لەسەر هیچ ئەکتەرێکی دیکەی شیعی، یان سوننی تا سەر بکەن. لەنێو ئەو دۆزەخەی کە عێراقی تیادایە، وڵاتانی ئەوروپا دۆستێکی سیاسی وەك کوردیان دەوێت کە بتوانن گرەوی لەسەر بکەن، هەر ئەمەش وادەکات کە لە ئێستادا بە هیچ شێوەیەك رازی نەبن کوردستان لە عێراق جیاببێتەوە. لە هەمانکاتدا و لە رووی رەمزییەوە ئەم سەردانە بۆ

**ئێستا لە فەرەنسادا، جۆرێک لە بێزاریی زبر و توند لە عەبادی هەیە، بەوەی کە ئەوەی دەیڵێت، نایکات و ئەوەی دەیکات، نایڵێت**

هەرێمی کوردستان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و سەرلەنوێ دەرگای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لێدەکاتەوەو دواتر گورزێکی بەهێزیشە لە عەبادییەك کە تا ئێستا جگە لە بەڵێنی درۆ بۆ چوونە نێو دانوستان لەگەڵ کورددا هیچ شتێکی کرداریی نەکردووە. ئێستا لە فەرەنسادا، جۆرێك لە بێزاریی زبر و توند لە عەبادی هەیە، بەوەی کە ئەوەی دەیڵێت، نایکات و ئەوەی دەیکات، نایڵێت.

*** شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوار خاڵدا پرۆگرامی خۆی بۆ دیالۆگ و جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بە سەرۆکی فەرەنسا ڕاگەیاندووە، پاشانیش سەرۆك ماکرۆن بە تەلەفۆن ئەم چوار خاڵەی بە حەیدەر عەبادی گوتووە، بەڵام وەك گوێبیستی وەڵامەکانی نووسینگەی عەبادی بووین، بەغدا یاری بەکات دەکات و نایەوێت دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەگەر بەغدا مل نەدات، ئایا فەرەنسا دەتوانێت هیچ گوشارێك دروست بکات؟**

- فەرەنسا کارتی فشاری ڕاستەوخۆی لەسەر بەغدا نییە، بۆ نموونە هەڵگرتنی گەمارۆی ئاسمانی و زەمینی بەغدا لەسەر کوردستان. بەڵام فەرەنسا دەتوانێت لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشەوە، بە ناڕاستەوخۆ، بەغدا ناچاربکات و ڕایبکێشێتە نێو دانوستانەوە. گەر ئەمەش نەکرا، فەرەنسا هێزی سەربازی لە کوردستان هەیە. لە ڕێگای ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە و چەکدارکردنی، دەتوانێت دیسان بە ناڕاستەوخۆ بەغدا ناچار بە دانوستان بکات. دواتر فەرەنسا چەندین کۆمپانیای گەورەی لە کوردستان هەیە و دەتوانێت لە ڕێگایانەوە بەشداری بکات لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان کە دیسان گورزە و لە بەغدا دەدرێت. دواتر پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان خودی ماکرۆن و ترەمپدا هەیە و دەتوانێت ئەم پەیوەندییە بەکار بێنێت بۆ دەستێوەردانی ئەمریکی.

*** باسی ئەوەت کرد کە کاتی هاتووە شێوازی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە جیهانی دەرەوە بگۆڕێت و بیخاتە ئاستی بەرژەوەندی، ئایا مەبەستت لەم وەرچەرخانە لە دیپلۆماتیەتی کوردستان چییە و تاچەند بەرژەوەندییەکانی فەرەنسا لە کوردستاندا ئەم دیپلۆماتییە تازەیە ڕێکدەخات؟**

- بەداخەوە لە ماوەی ٢٧ ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای خۆناساندن وەك قوربانی بیناکراوە: قوربانیی ئەنفال و قوربانیی کیمیاباران و پاشان قوربانیی کۆڕەو و دواتر قوربانیی داعش و پاش ئەوەش قوربانیی حەشدی شەعبی. قوربانی هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە فریادڕەسێك بێت و ڕزگاری بکات. ئەمە بۆ چیرۆك و ڕۆمان و دنیای ئەدەبیات تام و چێژێکی تایبەتی هەیە. بەڵام دنیای پەیوەندییە دیپلۆماتییە جیهانییەکان لەسەر ڕاسیۆنالیزم و عەقڵانییەتی بەرژەوەندییەکانی و خەیاڵدانی ساردی دەوڵەت بیناکراون. بەداخەوە دیپلۆماتە کوردەکان نایانەوێت لەم ڕاستییە تێبگەن و بەشێکی زۆریان تائێستاش وەك بەرپرسی کۆمیتە و ناوچە و مەڵبەند و لق مامەڵە لەگەڵ فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمریکادا دەکەن. کورد تا دۆخی قوربانی بەجێنەهێڵێت و خۆی وەك ئەکتەرێك کە کارایی بەسەر سیستمی لۆکاڵی و نیشتمانی و هەرێمایەتی و جیهانییەوە دادەنێت، نەخاتە سەر شانۆکان، ناتوانێت پێگەی خۆی بینابکات و بیپارێزێت و بەهێزی بکات. ئێمانیوێل ماکرۆن، پێش ئەوەی وەفدی هەرێمی کوردستان ببینێت، وەفدی کوردی لەگەڵ چەندین تایبەتمەندی فەرەنسی لەسەر پرسی کورد کۆبووەتەوە و گوێی لێگرتوون و بە مەعریفەی بابەتییانەوە وەفدی کوردیان بینیوە، بەڵام دڵنیات دەکەمەوە، ئەندامانی وەفدی کوردی، نە لە ئێستا و نە لە ڕابردووشدا، میتۆدێکی وایان جێبەجێ نەکردووە، چونکە قوربانیی پێویستی بەم میتۆدە نییە، ئەکتەر پێویستی پێیەتی. قوربانی پێویستی بەوەیە کە تەنیا گوێ لە بەرپرسە گوێڕایەڵەکانی لق و کۆمیتە بگرێت کە جگە لەوەی کە پێی خۆشە هیچ شتێکی دیکەی پێناڵێن.

*** ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و فەرەنساش داوای هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانی عێراق دەکەن، ئایا تاچەند ئەم کارەیان بۆ دەکرێت؟**

- گرەوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر عەبادی ئەوەیە کە ئەم سەرۆك وەزیرانە لە پاریس و لە واشنتۆن و لە ڕیاز، بەڵێنی بە هەموویان داوە کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵدەوەشێنێتەوە. بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە عەبادی لە هەلومەرجێکی بابەتیی وادا نییە کە بتوانێت نەك هەر هەڵیانبوەشێنێتەوە، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان ناڕەزاییش بەرامبەریان دەرببڕێت. من پێموایە لە شەش مانگی داهاتوودا ئەمریکا و ڕیاز و پاریس بەخێرایی تێدەگەن لەوەی کە لە چ وەهمێکی گەورەدا بوون و گرەوکردن لەسەر عەبادی، گرەوکردنە لەسەر چ ئەسپێکی تۆپیو.

**فەرەنسا و ڕۆژئاوا بەگشتی، ناچارن بە مامەڵەکردن لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، چونکە لە دەرەوەی ئەم ئەکتەرە، ناتوانن گرەو لەسەر هیچ ئەکتەرێکی دیکەی شیعی، یان سوننی تا سەر بکەن. لەنێو ئەو دۆزەخەی کە عێراقی تیادایە، وڵاتانی ئەورووپا دۆستێکی سیاسی وەک کوردیان دەوێت کە بتوانن گرەوی لەسەر بکەن**

**عێراق دەوڵەتێکە کە نەتەوەی نییە، ئێمە شتێکمان نییە و نەبووە بە ناوی نەتەوەی عێراق. بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو، عێراق شکستی هێناوە لەوەی کە لە شیعە و سوننە و کورد نەتەوەیەک بۆ دەوڵەتەکەی دروست بکات**

**سیاسەتی کۆنی فەرەنسی لەبەرامبەر کورددا کۆتایی پێهاتووە. ئیدارەی نوێ، نە تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە هەموو جیهاندا لەسەر ستراتیژیەتی بەهێزکردنی دەوڵەتە نیشتمانییەکان کاردەکات و دەیەوێت ڕێز لە سەروەریی دەوڵەتان بگرێت. سەبارەت بە کوردستانیش، پەیامی ئیدارەی نوێی فەرەنسا ڕوونە کە کوردستانێکی بەهێزە لەنێو عێراقێکی یەکگرتوودا**

# بارزانی و
# ئیرادەی سەربەخۆیی کوردستان

**ریفراندۆمی سەربەخۆیی کە لە هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی خاکی کوردستانی باشووردا ئەنجام درا و کوردانی هەر سێ پارچەکەی تری کوردستانیشی خرۆشاند و بە شێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتییان کرد، گورزێکی جەرگبڕ بوو لە هەموو نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان درا و کۆی هاوکێشەکانی ئەوان و ناوەندە دەسترۆیشتووەکان و دەستکێشە ناوخۆییەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردووە و ماوەیەکی دەوێ تا رێکی دەخەنەوە**

**ماڵباتی بارزانی هێندەی ئەو نموونانەی شکستخواردنی نەیارەکانیان، نموونەی بەردەوامی و سەرکەوتنیان لە رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کوردستاندا هەیە، تا دەگات بە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کە بە ئیمتیازەوە، سەرۆک مسعود بارزانی ئەندازیاریەتی و رابەرایەتی کرد**

لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی و رزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستاندا، زۆرن ئەو بنەماڵە و خانەوادانەی ناویان درەوشاوەتەوە و لە قۆناغێکدا، یان لە شۆڕشێکدا سەرکردایەتی رابوونەکەیان کردووە. دوژمنانی کوردایەتیش کە زەبریان لەو شۆڕشانە وەشاندووە، بە توندی لەو خانەوادە و بنەماڵانەیان داوە، چونکە بە دیدی ئەوان ئەگەر ئەوان لەناو ببەن، ئەوا شۆڕش و کوردایەتیش لەناودەبەن.

هەرچەندە دوژمنانی گەلی کورد، سەرۆك و ئەندامانی ئەو خانەوادانەیان، چ لە شەڕدا بووبێ، یان پاش یەخسیرکردن، یان بە خیانەتی دەوروبەریان شەهید کردوون، بەڵام نەیانتوانیوە ئیرادەی سەربەخۆییخوازیی نیشتمانیی کورد بشکێنن، یان مەحفی بکەنەوە. بە پێچەوانەوە، هەمیشە وەکو ژیلەمۆ لەژێر جەستەی شەهیدان و داروپەردووی گوندە خاپوورکراوەکان و یادی هەمیشە زیندووی ئەو رابەر و سەرکردانەدا ماوە و لە پاش ماوەیەکی کەم گەشاوەتەوە و لە لایەکی ترەوە و لەناو خانەوادە و بنەماڵەیەکی ترەوە، سەرکردەیەك سەریهەڵداوە و ئەو سەقامگیرییە وەهمییەی شڵەقاندۆتەوە کە دوژمنان وایان زانیوە بەدەستیان هێناوە.


ئەم ململانێیە تەنیا بە سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی دێ و ئینجا قۆناغی سەرکردایەتیکردنی دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهێنانی دامەزراوەکانی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەکردنی سستەمی سیاسی و مەدەنییەت و ئابووری دەست پێدەکات.

تا ئەم ململانێیە مابێ، خەون و ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی هەر دەمێنێ و، خەون و هەوڵ و پیلانی دوژمنانی گەلی کوردستانیش بۆ لەناوبردنی ئیرادەی سەربەخۆییخوازی گەلی کوردستان دەمێنێ. یەکێك لەو هەوڵانەش لەناوبردنی ئەو ماڵباتانەیە کە سەرکردایەتی رابوونی کوردایەتی دەکەن و جۆشدەری ئیرادەی سەربەخۆییخوازین.

بابەتێك کە جێی سەرنجە لەم رووەوە، ئەوەیە کە دوژمنانی کوردستان، بەشێك لەم خەونەیان، تا رادەیەك بۆ هاتۆتەدی، بەتایبەتی لەوەدا کە هەندێك لەو ماڵباتانە، نەسڵیان لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیدا نەماوە، یان ئەگەر مابێتیش، لە سەرکردایەتیکردندا نین، یان وەکو کەسایەتی رێزلێگیراو ناو و شوهرەتیان لەناو کوردایەتیدا هەیە. تەنیا ماڵباتی بارزانی نەبێ کە وا زیاتر لە سەد ساڵە لە لووتکەی رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازیدایە و سەرەڕای کوشتن و لەسێدارەدان و دوورخستنەوەی زۆرەملێی سەرۆکەکانی ئەو ماڵباتە و ئەنفالکردنی هەزاران هەزار بارزانی و چەندینجار وێرانکردنی گوندی بارزان و گوندەکانی ئەو دەڤەرە کە عەشیرەتەکانی بەشێکن لە پێکهاتەی فیدراسیۆنی عەشیرەتەکان، بەڵام تا هەنووکەش ئەم ماڵباتە لە لووتکەی رابەرایەتی نەهێنراوەتە خوارەوە، یان توانرابێ بۆ ماوەیەکی کاتییش بێ، ئەم رۆڵەی لێ بسێنرێتەوە و پەراوێز بخرێ.

بۆچی؟!

چونکە، ماڵباتی بارزانی، تەنیا تەشکیلییەکی تەقلیدی عەشیرەت نییە، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە و لەسەر بنەمای بەرەباب و خوێن دامەزرابێ، بەڵکو ماڵباتی بارزانی دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، کولتووریی، ئایینی، سەربازیی _ ئەمنییە کە لە شێوازی پەیکەری دەوڵەتدا لەناو خودی خۆیدا رێکخراوە و بەو شێوازەش رابەرایەتی بزووتنەوەکە



ئازا حەسیب قەرەداخی

تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

دەکات و پەیوەندی لەگەڵ یار و نەیاریدا دەکات.

هەر ئەمەیشە وای کردووە، بە قوتابخانە، یان مەرجەع، یان راناوی جۆراوجۆر لەناو بزووتنەوەی کوردایەتیدا ناوزەد بکرێ. هاوکات وای کردووە کە هەتا هەنووکە، کۆی هەوڵ و پیلانەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان بۆ ئەوە بێ ئەم رۆڵە لەم ماڵباتە وەرگرنەوە. سەرکردە دیارەکانی لەناو ببەن، یان درز بخەنە ناو ریزەکانی ئەم دامەزراوەیەوە و لەناوەوە کرمۆڵی بکەن.

لەماوەی زیاتر لە سەدساڵی رابردوودا، ستراتیژی سیاسی و سەربازی و ئەمنی و ئیعلامیی دوژمنانی سەربەخۆیی کوردستان لە هەر چوارپارچەکەی کوردستان، تاك تاك بووبێ، یان بە هاوپەیمانێتی نێوانیان، زۆرجاریش بە هاوکاریی زلهێزەکانی دنیا، چ ئەمریکا و چ سۆڤێتی جاران و بەتایبەتی بەریتانیا، هەر ئەمە بووە کە لەناوبردنی ئەم ماڵباتە، لەناوبردنی کوردایەتی و خەونی سەربەخۆیی کوردان دەبێ. شکاندنی ئیرادەی ئەم ماڵباتە، شکاندنی ئیرادەی کوردایەتی و سەربەخۆیی دەبێ. بۆ بەدیهێنانی ئەم ستراتیژە، هەمیشە لەناو کۆمەڵگەی کوردیشدا نۆکەر و دەستکێش و خائینیان دروست کردووە و لە بواری سەربازیی و حزباتیکردن و ئیعلام و پڕوپاگەندەدا بەکاریان هێناون. وەلێ هەر نەیانتانیوە ئەو ئامانجە بەدی بهێنن، لە هەموو قۆناغێکدا خۆیان و نۆکەرەکانیان شکستیان خواردووە و تەنانەت ناچاریش بوون بێنەوە بەر دەرگای ئەم دامەزراوەیە بۆ دانوستاندن و گفتوگۆ.

لە ماوەی ساڵانی رابردووشدا، دەیان نموونەی دیکەی هەوڵی دوژمنان هەر لەم رێچکەیەدا هەن. بە قەدەری خۆشیان نموونەی شکست و تێکشکان هەیە. بەڵام ماڵباتی بارزانی هێندەی ئەو نموونانەی شکستخواردنی نەیارەکانیان، نموونەی بەردەوامی و سەرکەوتنیان لە رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کوردستاندا هەیە، تا دەگات بە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کە بە ئیمتیازەوە، سەرۆك مسعود بارزانی ئەندازیاریەتی و رابەرایەتی کرد.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی کە لە هەموو ناوچە و دەڤەرەکانی خاکی کوردستانی باشووردا ئەنجام درا و کوردانی هەر سێ پارچەکەی تری کوردستانیشی خرۆشاند و بە شێوازی جۆراوجۆر پاڵپشتییان کرد، گورزێکی جەرگبڕ بوو لە هەموو نەیارانی سەربەخۆیی کوردستان درا و کۆی هاوکێشەکانی ئەوان و ناوەندە دەستڕۆیشتووەکان و دەستکێشە ناوخۆییەکانی هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردووە و ماوەیەکی دەوێ تا رێکی دەخەنەوە. بێگومان بۆ رێکخستنەوەی ئەو هاوکێشانە، دەبێ دوو کار، هەر بە ناچاری بکەن. یەکەمیان داننانە بە سەربەخۆیی کوردستان و رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا، یان بە جیابوونەوەی یەکجاری و دانانی بنەماکانی پەیوەندی هاوسێیەتی باش. یان کۆنفیدراڵی نێوان دوو دەوڵەتی خودان سەروەریی. دووەم کاریش ئەوەیە کە بۆ جێبەجێکردنی کاری یەکەم هەر دەبێ دان بە رابەرایەتی ماڵباتی بارزانی و شەخسی مەسعود بارزانی-دا بنێن و بۆ گفتوگۆ و دۆزینەوەی ئەو رێچکانەی دەیانباتەوە سەر کاری یەکەم، بێنەوە سەر مێز لە بەرامبەر بارزانی.

لە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکی رابردوو، هەموو جموجووڵە سیاسی و عەسکەری و ئەمنییەکانی دوژمنانی سەربەخۆیی و نۆکەرەکانیان هەر بەم دەرەنجامە گەیشتۆتەوە. گەلەکۆمەکییەکەی ئێستاشیان هەر بەوە دەگاتەوە.

**ماڵباتی بارزانی، تەنیا تەشکیلییەکی تەقلیدی عەشیرەت نییە، وەکوو ئەوەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە و لەسەر بنەمای بەرەباب و خوێن دامەزرابێ، بەڵکو ماڵباتی بارزانی دامەزراوەیەکی سیاسی، ئابووری، کولتووریی، ئایینی، سەربازیی ـ ئەمنییە کە لە شێوازی پەیکەری دەوڵەتدا لەناو خودی خۆیدا رێکخراوە و بەو شێوازەش رابەرایەتی بزووتنەوەکە دەکات و پەیوەندی لەگەڵ یار و نەیاریدا دەکات**

**ئەم ململانێیە تەنیا بە سەربەخۆیی کوردستان کۆتایی دێ و ئینجا قۆناغی سەرکردایەتیکردنی دامەزراندنی دەوڵەت و پێکهێنانی دامەزراوەکانی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و گەشەکردنی سستمی سیاسی و مەدەنییەت و ئابووری دەست پێدەکات**



**مایکڵ نایتس**
شارەزای کاروبارە ئەمنییەکانی عێراق بۆ گوڵان:

# سەرۆکی فەرەنسا پەرۆشی ناوبژیوانیی نێوان هەولێر و بەغدایە

**پێدەچێت فەرەنسا بە بەغدای ڕاگەیاندبێت، ئێوە ڕازی بن یان نا، پێشوازی لە نێچیرڤان بارزانی دەکەین**

**مەزندەی ئەوە دەکەم لەچەند هەفتەی داهاتوودا نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئەنقەرە بکات و لەسەر ئاستی بەرز کۆبوونەوە ئەنجام بدات**

مایکڵ نایتس توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، تایبەتمەندی کاروبارە ئەمنی و سەربازییەکانی وڵاتانی عێراق و ئێران و وڵاتانی کەنداوە. خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری دیراساتی جەنگ کە لە کۆلێژی شاهانە لە لەندەن بەدەستی هێناوە. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و عێراق و ئاسۆی ئایندەی ئەم پەیوەندییانە و پرسی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئەو هەوڵ و کۆششانەی بەم ئاراستەیەدا دەدرێن، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**ئەگەر لە سەردانە بەردەوامەکانی بەڕێز مسعود بارزانی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بۆ فەرەنسا بڕوانن، دەردەکەوێت کە فەرەنسا مەبەستی بووە ئەو پەیوەندییانە بەهێز بن**

**من نیگەرانم لەوەی ئەگەر سیستانی کۆچی دوایی بکات، ئەوا هێزێک نامێنێتەوە کە دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا سنووردار بکات**

**خراپترین سیناریۆ ئەوەیە لە ساڵی داهاتوودا حکومەتێک لە بەغدا دەسەڵات بگرێتەدەست کە دژ بە رۆژئاوا و دژ بە ئەمریکا بێت، کە هەڵبستێت بە دەرکردنی راوێژکارە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوام بێت لە بڕینی داهات لە کوردستان، هەروەها بە تەواوەتی ئاراستە و ئاقاری خۆی بەرەو تاران بگۆڕێت**

*** ئێوە وەك کەسێکی شارەزا لە کاروبارەکانی عێراق و کوردستان، چۆن رووداوەکانی ئەم دواییە لێکدەدەنەوە، بە تایبەتی ئەوەی دوای ریفراندۆمی سەربەخۆیی و بە دیاریکراوی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا روویدا؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسێك و رووداوێکە کە هەمووانی سەرقاڵ کردووە، هەندێ کەس دەیانەوێت تەنیا بە یەك وشە گوزارشتی لێ بکەن. من بەم شێوەیە وەسفی دەکەم، لەو کاتەدا ئەمریکا هەوڵیدا کار لەگەڵ هەرێمی کوردستانی و حکومەتی فیدراڵی عێراقدا بکات، ئاشکرایە لەو کاتەدا ئەمریکا هەڵوێستێکی دیاریکراوی هەبوو لە ئاست ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بەڵام پەرەسەندنەکە بەو شێوەیە رووی نەدا کە خوازیاری بوو، ئەوە بوو ئەمریکا ناچار بوو هەڵبژاردن بکات لە نێوان کوردستان و بەغدا لەبارەی پرسی کەرکوك و مەسەلەکانی دیکەوە، لە کۆتاییشدا ناچار بوو لایەنی بەغدا هەڵبژێرێت. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەوەی روویدا، مایەی دڵتەنگیی من بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مەسەلەکە کۆتایی نەهاتووە. چونکە ئێستا فەرەنسا و ئەمریکا و یۆنامی هەوڵی ئەوە دەدەن جارێکی دیکە بەغدا و هەولێر پێکەوە کۆببنەوە بۆ ئەوەی بگەنە رێککەوتنی دابەشکردنی داهات و بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پەنا بۆ شەڕ نەبردرێتەوە. کەواتە هێشتا ئومێد هەیە، بەڵام هەنگاوهەڵگرتن بۆ پێشەوە کارێکی زەحمەتە، چونکە تۆ دەبینیت لەم ساتەوەختەدا بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز هەن بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە چۆن بە رەوتێکی خێرا سەرکردە کوردەکان هەوڵی خۆگونجاندن دەدەن لەگەڵ ئایندەیەکدا کە تێیدا جارێکی دیکە بەغدا بۆتە سەرچاوەی داهات. مەبەستم ئەوەیە کارێکی دژوار بوو بۆ هەرێمی کوردستان کە بتوانێت لەم قۆناغی پەرەسەندنەیدا ئیدارەی سەربەخۆییەکی ئابووری -کە ئامانجێکی گەورە بوو و رەنگە لە داهاتوودا بەدی بێت- بکات، هەروەها من هەست بەوە دەکەم کە رەنگە رادەیەکی کەم لە ئاسوودەیی هەبێت لەبارەی ئەوەی جارێکی دیکە بەغدا ببێتەوە سەرچاوەی دابینکردنی داهات. کەواتە ئێستا ئەمە دۆخێکی سەیرە و کەس خوازیاری ئەوە نەبووە و کەس پلانی ئەوەی نەبوو ئەمە رووبدات. من زۆر پشتیوانی لە هەوڵەکانی سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بارزانی و جێگری سەرۆك وەزیران قوباد تاڵەبانی دەکەم بۆ هەوڵەکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو رێککەوتنە عەمەلییانە کە پێویستە بێنەئاراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت کار لەسەر بەرەوپێشبردنی دۆخی کوردستان بکرێت و ئەم هەرێمەش پێگەیەکی باشتری هەبێت.

*** لە وەڵامەکەتاندا جۆرێك لە ئومێد و گەشبینی بەدی دەکرێت لەبارەی هەوڵەکانی ئەمریکا و سەرۆکی فەرەنساوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لەنێوان هەولێر و بەغدا دەست بە گفتوگۆ بکرێتەوە؟**

- بەڵێ، ئەمە وایە، هەروەها من بە شێوەیەکی تایبەت بایەخ بە هەڵوێستی سەرۆکی فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن دەدەم، چونکە ئەو یەکێکە لە سەرکردە جیهانییەکان کە پەرۆشی ناوبژیوانییە لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا، کە ئێمە پێشتر ئەم هەڵوێستەمان بەدی نەکردووە، ئێوەش دەزانن فەرەنسا کاراکتەرێکی بەهێزە و رایەڵی پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ بەغدا، بە هەمان شێوە پەیوەندی بەتینیشی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، چونکە ئەگەر لە سەردانە بەردەوامەکانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ فەرەنسا بڕوانیت- لە ماوەی ساڵانی رابردوودا- بۆت دەردەکەوێت کە فەرەنسا مەبەستی بووە ئەو پەیوەندییانە بەهێز بن. لەبەر ئەوە دەکرێت رۆڵی فەرەنسا رۆڵێکی بایەخدار بێت، بەو پێیە فەرەنسا و یۆنامی، وەك دوو کاراکتەری گرنگ دەیانەوێت لەسەر بنەمای دەستوور رێککەوتنێکی باشتر بێتە ئاراوە.

*** ئەی چۆن هەڵسەنگاندن بۆ سەردانەکەی سەرۆك وەزیران، نێچیرڤان بارزانی دەکەیت بۆ فەرەنسا و پێشوازیکردنی لەلایەن سەرۆکی ئەو وڵاتەوە؟**

- لە راستیدا ئەم سەردانە جێی بایەخ بوو، چونکە پێدەچێت فەرەنسا بەغدای ئاگادار کردبێتەوە لە هاتنی نێچیرڤان بارزانی و بەغداش قبوڵی کردبێت، ئەمەش هەڵوێستێکی تۆکمەی فەرەنسایە، واتە پێدەچێت بە بەغدا راگەیەندرابێت کە بە شێوەیەك لە شێوەکان نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئەو وڵاتە دەکات، ئیدی ئێوە رازی بن

یان نا، کە پێموایە ئەمەش هەڵوێستێکی باشە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە کار بۆ گوڕوتین بەخشینەوە بە پەیوەندییەکانی کوردستان و تورکیا دەکرێت و پێموایە لە ماوەی چوار هەفتەی داهاتوودا نێچیرڤان بارزانی سەردانی ئەنقەرە بکات و کۆبوونەوەی ئاست بڵند ئەنجام بدات لەگەڵ حکومەتی تورکیادا و ئەمەش پەرەسەندنێکی سوودبەخشە. کەواتە رۆڵبینینی فەرەنسا و تورکیا و بەشداربوونی یۆنامی پەرەسەندنی باشن و دەبێت چاوەڕوان بین بزانین هەڵوێستی بەغدا چۆن دەبێت، کە پێموایە ئەو هەنگاوانە هاوکار دەبن بۆ خستنەوەگەڕی گفتوگۆکانی پەیوەست بە بودجە. دواتر دەبێت لەبیرمان نەچێت، بەغداش پێویستی بەوە هەیە شتێك بەدەست بهێنێت، بۆ نموونە هەندێ لە هێزەکان لە فیشخابوور و دەروازە سنوورییەکان لەگەڵ تورکیادا جێگیر بکات، خۆ ئەگەر بێتو ژمارەیەکی کەمی ئەو هێزانەش جێگیر بکرێن، ئەوا ئەم کارە زەمینەخۆش دەکات بۆ گفتوگۆکان و بۆ گەیشتن بە رێککەوتنی دابەشکردنی داهات. دواتر ئێوە بیر لەمە بکەنەوە، عەبادی دەتوانێت پێشمەرج بۆ گفتوگۆکان دابنێ و پرۆسەکە بۆ سێ مانگ دوابخات، ئەمە هیچ زیانێك بە عەبادی ناگەیەنێت، بەڵام ئەو دواخستنە زیانێکی زۆر بە کوردستان دەگەیەنێت. کەواتە عەبادی لە پێگەیەکدا نییە کە پەلەی بێت. هەروەها عێراق هەڵبژاردنی لە پێشە و ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی زەحمەت بێت عەبادی و هەر کەسێکی دیکە لە جێی ئەوە بووایە، بتوانن سازش بکەن. لەبەر ئەوە من پێموایە لە ماوەی یەك دوو مانگی داهاتوودا دەرفەتێك دروست دەبێت بۆ ئەوەی بەغدا و هەولێر بگەنە رێککەوتنێك لەبارەی دابەشکردنی داهات و جێگیرکردنی هێز لە فیشخابوور، بە چەشنێك دوای ئەوە ماوە گەیشتن بە رێککەوتنێکی لەو چەشنە زەحمەت دەبێت. لەبەر ئەوە دەبێت دەستوبرد بکرێت.

*** ئێوە دەڵێن کاتێکی کەم لەبەردەستدایەو دەبێت پەلە بکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کورد دەتوانێت چی بکات و پێویستە چی بکات؟**

- سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کوردستان هەنگاوی زیرەکانەی هەڵگرت، بەڵام پێویست بوو، چونکە لە ئێستادا سەرکردایەتی دیار و روون هەیە، کە سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیرانە، کە ئەمەش کارئاسانی کردووە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەها عەبادییش تاوەکو مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بکەن. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەدایە کە رێککەوتنەکە یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی سەرجەم پرسەکان لەخۆ بگرێت، واتە بە یەك پاکێج بێت، ئەمە لە کاتێکدا کە حکومەتی عێراق پێیوایە سەرەتا دەبێت پرسی فیشخابوور یەکلا بکرێتەوە دواتر دەست بە گفتوگۆ بکرێت لەبارەی بودجە و رێککەوتنی دابەشکردنی داهاتەوە. کەواتە ئەوەی پێویستە سەرەتا ئەنجام بدرێت، یەکلاکردنەوەی پرسی فیشخابورە، کە دەکرێت بە رێککەوتنێك بێت و هێزێکی عێراقی لێ جێگیر بکرێت و بە شێوەی پەنجا بە پەنجا بێت لەنێوان هێزە عێراقییەکە و هێزی پێشمەرگەدا. کەواتە پێویستە ئەم بەربەستە لابدرێت و رێککەوتن لەم بارەیەوە بکرێت، چونکە بە تێپەڕبوونی کات بەغدا زیاتر دەرفەتی هێزکۆکردنەوەی دەبێت و کوردستانیش رۆژ بە رۆژ پێویستی زیاتری بە داهات دەبێت. کەواتە دەبێت بە زووترین کات ئەم گفتوگۆیە بگەیەننە ئەنجام، چونکە کاتەکە لە بەرژەوەندی ئێوە نییە. پێموایە دەبێت کوردستان زۆر ژیرانە هەڵسوکەوت بکات لەم ساتەوەختەدا و رازی بێت بە گواستنەوەی هێزی عێراقی بۆ فیشخابوور و تەنانەت بۆ سحێلاش- بە داخەوە-، مەبەستم ئەوەیە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە داهات بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. کە دەکرێت دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق کوردستان لە پێگەیەکی باشتردا بێت و بتوانێت دووبارە گفتوگۆ لەبارەی هەندێ پرس و بابەت بکەنەوە. چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد لە ئێستادا عەبادی پێشمەرجی داناوە و زۆر دژوارە بتوانێت ئەو پێشمەرجانە هەڵگرێت، بە تایبەتی کە عێراق لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبێتەوە، مالیکی و عامرییش بە وردی چاودێری هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی عەبادی دەکەن و لە دەرفەتێك دەگەڕێن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە کەسێکی لاوازە، لەبەر ئەوە عەبادی مرونەتێکی زۆری کارکردنی نییە. کەواتە ئەوانە راسپاردەی منن، ئەگەرچی رەنگە راسپاردەی قورسیش بن، بەڵام رەنگە ئەمە ژیرانەترین هەنگاو بێت کە لە

**کاتێک لە میلیشیاکانی نێو عێراق دەڕوانین، ئەوا رێکخراوی بەدرە کە بە شێوەیەکی سەرەکی نیگەرانمان دەکات، ئەگەر بەدر بڕیاری کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بدات، ئەوا کێشەیەکمان نابێت**

**عەبادی دەتوانێت پێشمەرج بۆ گفتوگۆکان دابنێ و پرۆسەکە بۆ سێ مانگ دوابخات، ئەمە هیچ زیانێک بە عەبادی ناگەیەنێت، بەڵام ئەو دواخستنە زیانێکی زۆر بە کوردستان دەگەیەنێت**

**ئەمریکا بەرژەوەندییەکی بەهێزی هەیە بۆ هێشتنەوەی پلانی B لە عێراقدا، ئەگەر هاتوو عەبادی بە سەرۆک وەزیران هەڵنەبژێردرایەوە، یاخود سەرۆک وەزیرانێکی پرۆ ئێرانی دەسەڵاتی گرتەدەست لە عێراقدا**

ئێستادا کورد هەڵبیگرێت.

*** ئێوە لە سەرەتادا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەمریکا ناچار بوو بەغدا هەڵبژێرێت نەک هەولێر، بەم دواییەش، لەگەڵ (بیلال وەهاب)دا وتارێکتان لەبارەی گەڕاندنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بۆ دۆخی پێشوو بڵاو کردەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی کوردستان و ئەمریکا چی بکرێت ؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە. لە راستیدا هەموو ئەو کەسانەی لەنێو حکومەتی ئەمریکیدا کاردەکەن و مامەڵە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن، دڵتەنگن لەبەرامبەر پەرەسەندنی رووداوەکاندا. من قسەم لەگەڵ کردوون، زۆریان دەڵێن ئەگەر بێتو جارێکی دیکە دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ دواوە ئەوا هەڵوێستی جیاوازیان دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا لە ئەمریکا پشتیوانییەکی بەهێز لە کوردستان دەکرێت، بۆ نموونە لەلایەن کۆنگرێسەوە، ئەمەش بەردەوام دەبێت، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندییەکی بەهێزی هەیە بۆ هێشتنەوەی پلانی B لە عێراقدا، ئەگەر هاتوو عەبادی بە سەرۆک وەزیران هەڵنەبژێردرایەوە، یاخود سەرۆک وەزیرانێکی پرۆ ئێرانی دەسەڵاتی گرتەدەست لە عێراقدا، کەواتە رەنگە جارێکی دیکە رۆژگاری کورد بێتەوەئارا. لەلایەکی دیکەوە تورکیاش بەرژەوەندی هەیە لەوەی وەک شەریکێکی ئابووری- و رەنگە لە داهاتووشدا وەک شەریکێکی ئەمنی- کار لەگەڵ کوردستاندا بکات. کەواتە چەندین کاراکتەر هەن خوازیاری مامەڵەکردن لەگەڵ کوردستان، بەڵام هەروەک ئاماژەم پێکرد، ئەمە کارێکی زەحمەتە کە لە چەند مانگی داهاتوودا روو بدات، بەتایبەتی کە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق نزیک دەبینەوە. هەرچۆنێک بێت لە ئێستادا ئەمریکا و فەرەنسا و یۆنامی هەموویان ئاماژەی ئەوە دەخەنەڕوو کە نابێت کردەوەی زیاتری سەربازی لە دژی کوردستان ئەنجام بدرێت و دەیانەوێت کوردستان بگاتە رێککەوتنی دابەشکردنی داهات و کوردستانیش پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای دەستووری لەگەڵ عێراقدا بنیاد بنێتەوە. بە هەمان شێوە خواستی ئەوە هەیە هێزە هاوپەیمانەکان هەڵبستن بە رێگریکردن لە پێکدادانی هێزەکانی عێراق و هێزە کوردییەکان لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان. کەواتە دەکرێت ئەمریکا و کوردستان کار لەسەر ئەم بوارانە بکەن بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەوپێشەوە هەڵگرن. کەواتە دەبێت چاوەڕێی بکەین کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا چی روو دەدەن. رەنگە لە ساڵی داهاتوودا بە رەوتێکی لەسەرخۆ پەیوەندییەکان بە تەواوەی دابمەزرێنەوە- لەنێوان ئەمریکا و کوردستاندا- لە نێویاندا دەستەبەرکردنی ٢٢ ملیۆن دۆلار- بە شێوەی مانگانە بۆ بودجەی پێشمەرگە، ئەمەش بڕە پارەیەکی باشە بۆ کوردستان، هەروەها ئەمریکا هەوڵ دەدات کوردستان پشکێکی دادپەروەرانەی هەبێت لە رێککەوتنی دابەشکردنی داهاتدا، ئیدی لە شێوەی جێگیرکردنی پشکی پێشمەرگە بێت لە بودجەی عێراق، یاخود پێدانی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکانی نەوت بێت. کەواتە ئەگەر کوردستان ببێتەوە بەشێك لە عێراق، ئەوا لە سایەی دەستووری وڵاتەکەدا چەند مافێکی هەیە و دەبێت لێیان بەهرەمەند بێت. کە دیارە ئەمریکا و فەرەنسا و یۆنامی جەخت لەسەر دەستوور دەکەنەوە.

*** ئەگەر بێینە سەر پرسی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا، بەتایبەتی دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر، ئایا پێتوایە لە ئێستادا ئێران بە تەواوەتی باڵادەست بووە بەسەر عێراقدا، یاخود بۆچوونێکی دیکەتان هەیە؟**

- لە راستیدا ئەمە جیاوازییە بنەڕەتییەکەی نێوان ئەمریکا و سەرکردایەتیی بارزانی-یە، چونکە سەرکردایەتیی بارزانی پێیوایە عێراق بۆتە پاشکۆی ئێران و هیچ ئومێدیکیش نییە کە بتوانرێت لە ژێر هەژموونی ئێران رزگار بکرێت. بەڵام ئەمە بۆچوونی واشنتۆن نییە، واشنتۆن پێیوایە ئێران دەستڕۆیشتوویی هەیە لە عێراقدا کە ئەمریکا پەسەندی ناکات، بەڵام لە هەمان کاتدا باوەڕی وایە ئێران بۆ هەزاران ساڵە لێرەدا بوونی هەیە و بۆ هەتا هەتایە هەر -بە دراوسێی عێراق- دەمێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەمریکا ٦ هەزار میل دوورە لە عێراقەوە، کەواتە دەبێت واقیعی بین و بزانین ئەمە بە مانای چی دێت. ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە دەبێت بەدیلی ئێران بۆ عێراق دەستەبەر بکرێت، واتە ئەمریکا هەوڵی ئەوە دەدات حکومەتی عەبادی و هەر

**لە ئێستادا ئەمریکا و فەرەنسا و یۆنامی هەموویان ئاماژەی ئەوە دەخەنەڕوو کە نابێت کردەوەی زیاتری سەربازی لە دژی کوردستان ئەنجام بدرێت و دەیانەوێت کوردستان بگاتە رێککەوتنی دابەشکردنی داهات و کوردستانیش پەیوەندییەکانی لەسەر بنەمای دەستووری لەگەڵ عێراقدا بنیاد بنێتەوە**

**هەموو ئەو کەسانەی لە نێو حکومەتی ئەمریکیدا کاردەکەن و مامەڵە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن، دڵتەنگن لەبەرامبەر پەرەسەندنی رووداوەکاندا. من قسەم لەگەڵ کردوون، زۆریان دەڵێن ئەگەر بێتو جارێکی دیکە دۆخەکە بگەڕێتەوە بۆ دواوە ئەوا هەڵوێستی جیاوازیان دەبێت**

حکومەتێکی دیکە لە عێراقدا، بڕارەی هەبێت و بە تەواوەتی پشت بە ئێران نەبەستێت. هەروەها دەبینین موقتەدا سەدر نایەوێت لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بێت، حەیدەر عەبادیش خوازیاری ئەوە نییە لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها زۆرێك لە سوننەکانیش، تەنانەت کەسێکی وەك عەممار حەکیمیش هەوڵدەدات وردەوردە خۆی لە ئێران دووربخاتەوە. دواتر سیستانی وەك مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق نایەوێت لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بێت. کەواتە کۆمەڵە کەسێك هەن دەیانەوێت سەربەخۆ بن، سەربەخۆ بن لە کۆنترۆڵی ئەمریکا و هەروەها لە کۆنترۆڵی ئێرانیش، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەمریکا هانی حکومەتی عێراق دەدات بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ سعودیەو تورکیا بکات.

*** وەك کەسێکی پسپۆڕ لە کاروبارە ئەمنییەکانی عێراقدا، زۆرتان لەبارەی میلیشیا شیعەکانەوە نووسیوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا مەترسیی ئەم میلیشیایانە چین؟ ئایا ئێران نەیتوانیوە ئەم میلیشیایانە بکاتە ئامرازی بڕەودان بە دەسترۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا میلیشیاکانی ئێران بۆ ماوەیەکی زۆر بوونیان هەبووە، لە ڕابردووشدا هەوڵیانداوە ڕۆڵ ببینن لە سیاسەتدا، بەڵام لەم هەوڵەیاندا زۆر سەرکەوتوو نەبوون، جگە لە گرووپێك نەبێت کە ئەویش ڕێکخراوی بەدرە. لەبەر ئەوە کاتێك لە میلیشیاکانی نێو عێراق دەڕوانین، ئەوا ڕێکخراوی بەدرە کە بە شێوەیەکی سەرەکی نیگەرانمان دەکات، لەبەر ئەوە ئەگەر بەدر بڕیاری کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و کورد و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بدات، ئەوا کێشەیەکمان نابێت، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەگەر بڕیار بدات کە دژی دیموکراسی بێت و دژی کورد بێت و کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕەتبکاتەوە، ئەوا کێشەیەکی گەورەمان دەبێت، لەبەر ئەوە مەسەلەکە بەندە بەوەی ڕێکخراوی بەدر چ ئاراستەیەکی کارکردن دەگرێتەبەر. واتە کاتێك لە پێشینەی گرووپەکانی (حزبوڵا، ئەبو مەهدی موهەندیس، عەسائیبی ئەهلول حەق — قەیس ئەل خەزعەلی) دەڕوانین، ئەوا دەبینین ئەوانە گرووپگەلێکی مەترسیدارن، بەڵام دەتوانیت ڕووبەڕوویان ببیتەوە، چونکە بەم دواییانە لە دوزخورماتوو و لە نزیك

کەرکووک گرووپەکانی بەرگریی کوردی توانییان ڕایانبگرن، واتە ئەم گرووپانە هێندە بەهێز نین. بەڵام ئەوەی ڕێکخراوی بەدر لەوان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە ئەگەر هادی ئەلعامری کە جەماوەریترین سیاسەتمەداری شیعەیە لە عێراقدا و سەرۆکایەتی بەدر دەکات کە یەکێکە لە بەهێزترین گرووپە سیاسییە شیعەکان لە عێراقدا، بڕیار بدات دژی کورد و حکومەت و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بکات، ئەو کاتە ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی جددیداین، هەر لەبەر ئەوەشە ئەمریکا کوردستانی کردۆتە پلانی B، ئەگەر عێراق بە تەواوەی لەدەست بچێت و وڵاتەکە وەك لوبنانی لێ بێت.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە چین؟**

لە ڕاستیدا خراپترین سیناریۆ ئەوەیە لە ساڵی داهاتوودا حکومەتێك لە بەغدا دەسەڵات بگرێتەدەست کە دژ بە ڕۆژئاوا و دژ بە ئەمریکا بێت، کە هەڵبستێت بە دەرکردنی ڕاوێژکارە سەربازییە نێودەوڵەتییەکان و بەردەوام بێت لە بڕینی داهات لە کوردستان، هەروەها بە تەواوەتی ئاراستە و ئاقاری خۆی بەرەو تاران بگۆڕێت و دەست بداتە تەنانەت گۆڕینی سیاسەتی کۆمەڵایەتی، وەك گۆڕینی یاسای باری کەسێتی، وەك ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکەین. هەروەها من نیگەرانم لەوەی ئەگەر سیستانی کۆچی دوایی بکات، ئەوا هێزێك نامێنێتەوە کە دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا سنووردار بکات. باشترین سیناریۆش ئەوەیە کە لە دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتووەوە سەرۆك وەزیرانێکی دیموکراتی لە عێراقدا دەسەڵات بگرێتەدەست کە جێی ڕێزی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت و بتوانێت خزمەت بە عێراق بکات لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی و داهات بۆ عێراق بەدی بێنێت و بتوانێت سەرمایەی دەرەکی ڕابکێشێتە وڵاتەکەوە، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، هەروەها ئامادەی کارکردن بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا و کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بکات و هەوڵی چاکسازیی ئابووری بدات، لەسەر ئاستی ناوچەییەش هەڵوێستی بێلایەن بگرێتەبەر، بۆ نموونە نەیەوێت ببێتە بەشێك لە میحوەری ئێران، هەروەها خوازیاری ئەوە نەبێت ببێتە بەشێك لە میحوەری دژ بە ئێران.

**موقتەدا سەدر نایەوێت لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بێت، حەیدەر عەبادیش خوازیاری ئەوە نییە لەلایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵ بکرێت، هەروەها زۆرێك لە سوننەکانیش، تەنانەت کەسێکی وەک عەممار حەکیمیش هەوڵدەدات وردەوردە خۆی لە ئێران دووربخاتەوە. دواتر سیستانی وەک مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق نایەوێت لە ژێر کۆنترۆڵی ئێراندا بێت**

**لە ئێستادا عەبادی پێشمەرجی داناوە و زۆر دژوارە بتوانێت ئەو پێشمەرجانە هەڵگرێت، بە تایبەتی کە عێراق لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیک دەبێتەوە، مالیکی و عامرییش بە وردی چاودێری هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانی عەبادی دەکەن و لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی پیشانی بدەن کە کەسێکی لاوازە**

# عێراق و ئەفغانستان و سۆماڵ

بەپێی دەلیل و ڕێنامەی (هێنلی و پارتنەر)، پاسپۆرتی ئەفغانی و عێراقی و سۆماڵی خراپترین پاسپۆرتن لە ڕووی پێدانی ڤیزاوە بۆ چوونە نێو هەر وڵاتێك، ئەوەش لەبەر ئەو ترس و بیمەی کە وڵاتان هەیانە لە هەڵگرانی پاسپۆرتی ئەفغانی و عێراقی و سۆماڵی، چونکە وەك چۆن ئاسانپێدانی ڤیزا بەهەڵگرانی خاوەن پاسپۆرتی فینلەندی و سویدی و بەریتانی مانای متمانەیە بەو وڵاتانە و بە هاووڵاتیانیان، ئاواش بە زەحمەتپێدان، یان نەدانی ڤیزا بە هەڵگرانی پاسپۆرتی ئەفغانی و عێراقی و سۆماڵی نیشانەی بێ متمانەیی جیهانە بەم سێ دەوڵەتە شکستخواردووە.

ئەمڕۆ لە بواری سیاسیدا لە هەموو ڕۆژێك زیاتر ئەو ڕاستییە دەرکەوتووە کە بەردەوامبوونی ناسەقامگیریی ئاسایش لەعێراقدا بەرهەمی ناکۆکییە سیاسییەکانی نێوان حزب و گرووپ و میلیشیا جیاجیاکانی ئەم وڵاتەیە کە ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ داڕووخانی ژێرخانی ئابووریی عێراق و دواکەوتنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پەرەسەندنی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری و کێشەیەکی زۆر و لە ڕادەبەدەری هەڵپەسێردراو.

لەبواری ئابووریشدا ئەوەی بڕوانێتە جۆری ژیان لەکەناری شارە گەورەکانی عێراق و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشووریش، بەتایبەت دەبینێت کە هەژاری وەك بارودۆخێکی سەختی ژیان و نەبوونی و کەمدەرامەتی و بەدخۆراکی و نەخوێندەواری و نەخۆشی و ژینگەی داڕووخاو و تێکڕای بەرزیی مردنی منداڵانی شیرەخۆر و تێکڕایەکی نزمی تەمەن و هاوکات لەپاڵ دیاردەی بێکاری، کەمیی کرێ و جیاوازیی گەورەی نێوان مووچەکان و نزمیی ئاستی ئاسایش و سەقامگیری و تەشەنەکردنی دیاردەی تیرۆر، هەموو ئەمانە ئەو زەمینەیە خۆش دەکەن بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی و پێکدادانی نێوان پێکهاتەکان.

لەبواری کشتوکاڵ و بازرگانیشدا بودجەی عێراق کە تەنیا پشت بە نەوت دەبەستێت، لەکاتێکدا عێراق لە دێرزەمانەوە بە وڵاتی نێوان دوو ڕووبار ناسراوە و خاوەنی کشتوکاڵ و پیشەسازیی زۆر گەورە بووە، بەڵام ئێستا



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

هەموو خواردن و خواردنەوەکانی لەدەرەوە هاوردە دەکات بە بڕی زۆر و کواڵیتی و جۆری زۆر خراپ کە بوونەتە و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی دەیان جۆری نەخۆشیی ترسناك و تەندروستی و ژیانی عێراقییەکانی خستووەتە بەر هەڕەشەی مەرگ و لەناوچوون..

بەردەوامبوونی ئەمانەی کە ئاماژەمان بۆکردن، هۆکاری سەرەکی زۆر لەو کردەوە توندوتیژییانەن کە لە عێراقدا ڕوودەدەن.

ئەمڕۆ ئەگەر کاربەدەستانی عێراق یەکپارچەیی و یەکگرتوویيان بۆ عێراق دەوێت، ئەوا ڕەنگە تەنیا ڕێگەیەك بریتی بێت لە ڕاگەیاندنی هەرێمە فیدڕاڵییەکان و بەدەمەوەچوونی داواکردنی لامەرکەزییەت و هەرێمی فیدڕاڵ و نەهێشتنی ناوەندێتیی توند و تاکڕەوی لەحوکمڕانیدا.

ئەمە وێڕای دابەشکردنی ئازادانەو عادیلانەی دەسەڵات و سامان و زانیارییەکانیان، بەپێچەوانەشەوە و لەسایەی بەردەوامیی ئاسەواری جەنگەکان و هەژاری و کوشتار و تەقینەوەکان و تاکڕەویی سیاسیدا، عێراق لەم دابەشبوونە ڕانەگەیەنراوەی ئێستای زیاتر دەڕوات و وەك ڕێگەچارەیەکی کۆتایی و لە بارودۆخێکی دیکەدا ڕووەو دابەشبوونی ڕاستەقینە دەڕوات.

چونکە وەك دەڵێن ئەگەر زۆر لە ئوممەت و نەتەوەکان هەبووبن و دواتر دەوڵەتیان دروست کردبێت، ئەوا عێراق بەپێچەوانەوە دەوڵەتێکە حازر کراوە بۆ ئەوەی ئوممەت و نەتەوەیەکی تێدا دروست بکرێت، بۆیە لە زەمانی فەیسەڵی یەکەمەوە تائێستاش ئەو ئوممەت و نەتەوە عێراقییە دروست نەبووە، بەڵکو هەر وەك ئەوسا کۆمەڵە قەوارەیەکی جیاواز و دژ بەیەك بوونیان هەیە کە هیچ بەستەرێکی هاوبەش پێکەوەیان گرێ نادات.

عێراق ئەوساو ئێستاش قەیرانی ناسنامەی نیشتمانی هەیەو کەمینە ئایینی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان هێشتا ترسی سڕینەوەی ناسنامەی خۆیانیان هەیە.

پرسیارەکەش ئەمەیە: عێراقییەکان تاچەند ئامادەن هەڵگری ناسنامە و پاسپۆرتی دەوڵەتێکی شکستخواردووی وەك ئەم عێراقە بن؟





# هەڕەشەکانی حزبوڵڵا و میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران لە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودسی ڕۆژئاوا ترسناکترە



**پسپۆڕان رایانوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمەی کرد، دەبێت هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی رابگرێت، بەمەش چەمک و بوونی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێت**

چەند رۆژێك دوای ئەوەی بنیامین نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند: «رێگە نادەین دەوڵەتی فەلەستین دابمەزرێت. لانیکەم هەتا خۆم لە ژیاندا بم»، شا سەلمانی پادشای عەرەبستانی سعودیە هاوپەیمانییەکی ئیسلامی پێکهێناو لە ٢٥ی مارتی ٢٠١٥ (گەردەلوولی حەزم)ی دژی حوسییەکانی یەمەن دەستپێکرد. ئەم هاوپەیمانییە ئیسلامییەو ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی حەزم و ئەم هەنگاوەی سعودیە و دەوڵەتانی ئیسلامی دژی حوسییەکانی یەمەن، تەواوی پسپۆڕان و چاودێرانی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەرسام کرد، لەبەر ئەوەی پێیانوابوو، ئەگەر هاوپەیمانییەکی ئیسلامی پێکبهێنرێت و ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی یەکلاکەرەوە رابگەیەنرێت، دەبوو بۆ پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین و دژی قسەکانی نەتانیاهۆ پێکبهێنرێت، بەڵام پشتگیری دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ عەرەبستانی سعودی لە شەڕی دژی حوسییەکان ئەو راستییەی پیشانی جیهاندا، کە لە ئێستادا مەترسیی ئێران و میلیشیا وەکیلەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گەورەترە لە مەترسیی ئیسرائیل بۆ رێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین.

ئەگەر لەم بازنەیەدا، بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس بخوێنینەوە، لە هەمانکاتدا بەراوردێك لە نێوان کاردانەوەکانی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەڵەستین و بزووتنەوەی حەماس لە کەرتی غەزە بکەین، بەتەواوەتی هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لەگەڵ هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی و میلیشیا شیعەکانی ناوچەکەمان بۆ دەردەکەوێت. هەر بۆ نموونە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین رایگەیاندووە کە ئەم بڕیارەی ترەمپ کۆتایی هێنانە بە رۆڵی ئەمریکا لە پرۆسەی ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلدا، هەروەها خالید ماجیدی راوێژکاری دیپلۆماتی سەرۆکی فەلەستین رایگەیاندووە کە سەرۆکی فەلەستین ئامادە نابێت پێشوازی لە جێگری سەرۆکی ئەمریکا بکات، لەبەرامبەردا دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی بە ئەزهەریشەوە هەمان هەڵوێستی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستنیان هەیە کە هەندێکیان لەم هەڵوێستەش نەرمترە.

بەڵام ئەگەر سەرنج لە کاردانەوەکانی بزووتنەوەی حەماس و کەتائیبی قەسامی باڵی سەربازیی حەماس بدەین کە داوادەکات لەسەر ئاستی سیاسی راپەڕینێکی گەورە لە فەلەستین دەستپێبکات و لەسەر ئاستی سەربازییش شەڕ لە دژی ئیسرائیل رابگەیەندرێت، دەبینین هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو میلیشیا شیعەکانی عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن بە هەمان شێوەیە. لەمەش زیاتر ئەو میلیشیا شیعانەشی هاوشێوەی سەرایای سەلامی موقتەدا سەدر کە خۆیان بە پاشکۆی سوپای پاسداران نازانن، هەردوای بڕیارەکەی ترەمپ دەرگایان بۆ دامەزراندنی لیوای قودس کردەوە و لە یەکەم کاردانەوەشدا، موقتەدا سەدر رایگەیاند ئەو خۆی بە یەکێك لە چەکدارانی لیوای قودس دەزانێت.

هەڵوێستی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و بزووتنەوەی حەماس، دوو رووی راستەقینەی کاردانەوەکانمان دژی بڕیارەکەی دۆناڵد ترەمپی سەرۆکی ئەمریکا پیشاندەدات، رووی یەکەمیان کە هەڵوێستی دەسەڵاتی نیشتمانییە لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی و تەنانەت تەواوی

# «ئەگەر نەتوانیت گوێت لە تەپڵی ئەو شەڕە بێت کە دەستی پێکردووە. ئەوا دەبێت کەڕبوویت و هیچ نەبیستیت»

هنری کیسنجەر

دەوڵەتانی جیهان بە فەرەنسا و رووسیا و بەریتانیا و چینیشەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم لایەنانە لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینن لەچوارچێوەی دوو دەوڵەتدا کە قودسی رۆژئاوا پایتەختی ئیسرائیل بێت و قودسی رۆژهەڵات پایتەختی دەوڵەتی فەلەستین بێت، هەر بۆیە بڕیارەکەی ترەمپ بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس بە پێشێلکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و رێککەوتنەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە قەڵەم دەدەن و، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، پرۆسەی ئاشتی دەستپێبکاتەوە و کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و پرسی دابەشکردنی قودس لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتدا چارەسەر بکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆسەی ئاشتی تووشی شەلەل بووەو چەندین ساڵە هیچ بەرەو پێشەوەچوونێکی بەخۆیەوە نەبینیوە، ئەوا بڕیارەکەی ترەمپ بە لایەنگرییەکی تەواو بۆ ئیسرائیل و دژایەتییەکی تەواو بۆ دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین دەخوێننەوە، کەواتە لەم گۆشە نیگایەوە، هەڵوێستی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و نێودەوڵەتی و جیهان لەسەر هەقە و، دەبێت ئیدارەی سەرۆك ترەمپ ئەو نیگەرانییە بۆ دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و تەواوی دەوڵەتانی جیهان روون بکاتەوە کە ئیدارەی ترەمپ تەنیا مەبەستی قودسی رۆژئاوایە، نەك تەواوی قودس بە رۆژهەڵاتیشەوە. بەڵام تۆزێك پەلەکردنی تێدایە کە دەبوو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی لەچوارچێوەی دوو دەوڵەتدا (ئیسرائیل و فەلەستین) پێش ئەم بڕیارە بکەوتایە، ئەمەش واتە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهان، ئامادەن بەفەرمی مامەڵە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل بکەن و داوای سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە ناکەن.

لەبەرامبەردا، هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران و میلیشیا شیعەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەڵوێستێکی جیاوازە و داوای سڕینەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسی دەکەن و، پێش ٣٥ ساڵ سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران، بزووتنەوەی بەرگریی داگیرکاری ئیسرائیلی (حزبوڵڵای ئێستا)ی لە باشووری لوبنان و لەسەر سنووری ئیسرائیل دامەزراندووە، لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشیشدا، دیسان ئێران میلیشیا شیعە پرۆئێرانییەکانی لە نزیك بەرزاییەکانی جۆلان لەناو سووریاوە لە سنووری ئیسرائیل جێگیر کردووە و دەیەوێت شەڕێکی گەورە لەو ناوچەیە بەرپا بکات. بەمەش کۆماری ئیسلامی ئێران بە رێگەی سوپای پاسداران و میلیشیا شیعە وەکیلەکانی لە هەوڵی ئەوەدایە، لەژێر ناوی ئازادکردنەوەی قودس سۆزی شەقامی سیاسیی هاووڵاتیانی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی رابکێشێت. بەڵام بڕیارەکەی ترەمپ بە گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ قودسی رۆژئاوا بە ئامانجی ئەوەیە، ئەو تیکەڵکردنەی ئێران بەرامبەر وجوودی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی لێکجیابکاتەوە، بەوەی ئایا جیهانی ئیسلامی و عەرەبی بە پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیلە لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتدا، یاخود پشتگیری لە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**حوسییەکانی یەمەن لەگەڵ ئەوەی کەمینەن، بەڵام بەهۆی هاریکاری راستەوخۆی ئێران و ناڕاستەوخۆ لە رێگەی حزبوڵای لوبنانییەوە، ئێستا بوونەتە هێزێک کە سەنعای پایتەختی یەمەنیان کۆنترۆڵ کردووەو توانیویانە بە رێگەی رۆکێتی (برکان ١و ٢ )ی ئێرانی و هەروەها بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژ و بەلەمی بێ بەلەمەوانی خۆکوژ، ئاسایشی وڵاتانی وەک سعودیە و ئیمارات بخەنە مەترسییەوە**

**بەهۆی هاوکارییە داراییەکانی ئێران بە بڕی زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و ڕۆکێت لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ حزبوڵڵا، ئێستا حزبوڵڵا لە چەندین بەرەوە هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە دەکات**

**حزبوڵای لوبنانی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بەناوی بزووتنەوەی بەرگری لەدژی داگیرکاری ئیسرائیلی دروستکراوە، ئێستا لە کارەکتەرێکی لۆکاڵەوە بۆتە کاراکتەرێکی ئیقلیمی و کاریگەری لەسەر هەریەک لە عێراق و سووریا و یەمەن هەیە**

**هەردوو سەرۆک ترەمپ و پۆتین لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کە چەند زۆنێکی ئارام دروست بکەن و کێشەکان سنووردار بکەن، بۆ ئەوەی ئاگربەس بەردەوام بێت و شەڕ لە سووریا دووربخرێتەوە**

و میلیشیاکانی هاوشێوەی حزبوڵڵای لوبنانی دەکەن، کە داوادەکەن دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر نەخشەی سیاسی بسڕێتەوە.

بڕیارەکەی ترەمپ. جیاکردنەوەی هەڵوێستی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە بەرامبەر پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین

مێژووی سەرهەڵدانی مەترسییەکانی رادیکاڵیزمی فیکری وەهابی وەك سەرەتایەك بۆ جیهادی سەلەفی قیتالی سوننە، لەدوای رووخانی شای ئێران و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەدوای ساڵی ١٩٧٩وە دەست پێدەکات، بێگومان هەوڵدانیش بۆ سوودوەرگرتن لە رادیکاڵیزمی وەهابی و وەرچەرخانی بۆ جیهاد دژی داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی پێشانەوە هۆکارێکی دیکەی ئەو مەترسییە بووە، بەڵام ئەگەر رادیکاڵیزمی شیعە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەن ئێرانەوە بوونی نەبوایە، ئەوا لەوانەبوو لەدوای کۆتاییهاتنی داگیرکاری سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان، دامەزراندنی رێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست لەلایەن موجاهیدە فرەڕەگەزەکانی ئەفغانستانەوە بە پێویست نەزانرابایە.

ئێستا کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قۆناخی پۆست داعش تێدەپەڕێت و هەموو جیهان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە ئارامی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەند هەنگاوێکی گرنك هەن کە دەبێت دەوڵەتانی ناوچەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەی بیگرنەبەر کە بریتین لە:

١. لە ریشە هەڵکێشانی مەترسییەکانی رادیکاڵیزمی فیکری وەهابی بۆ ریشەکێشکردنی فیکری جیهادی سەلەفی قیتالی سوننە، ئەوجا بە حوکمی ئەوەی سەرچاوەی رادیکاڵیزمی فیکری وەهابی عەرەبستانی سعودیەیە، ئەوا لەساڵی ٢٠١٥وە و لەدوای دەستبەکاربوونی شا سەلمان وەك پادشای سعودیە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون کە سنوورێك بۆ مەترسییەکانی رادیکاڵیزمی وەهابی دابنرێت. سعودیە کە ئەندامێکی کارای هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی شەڕی دژی داعش بووە، بەڵام لە ئێستادا کە محەمەد سەلمانی جێنشین دەسەڵاتی کردەیی تەواوی سعودیەی لەبەردەستە و شەڕی داعشیش بەرەو کۆتایی دەچێت، ئەوا هەوڵەکانی محەمەد بن سەلمان بۆ ئەوەیە چەمکی ئیسلام لە سعودیە بگێڕێتەوە بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ئەمەش بەو مانایەی پێش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە سعودیە فیکری رادیکاڵیزمی وەهابی هەر بوونی هەبووە و کۆمەڵگەی سعودیەش وەك ئێستا داخراو نەبووە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە لە هەوڵی ئەوەدایە گەندەڵی بنبڕبکات و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان بڕەخسێنێت، بۆ ئەوەی سعودیە بکاتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و لە رادیکاڵیزم و توندڕەوی دوور بکەوێتەوە، ئەم هەوڵانەی محەمەد سەلمان، جیا لەوەی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لێ دەکرێت، لەهەمانکاتدا بە سەرەتای بەهارێکی نوێ بۆ سعودیەش هەژمار بکرێت.

٢. چارەسەرکردنی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل لەچوارچێوەی دوو دەوڵەتدا و قودسیش دابەش بکرێت وەك دوو پایتەخت بۆ هەردوو دەوڵەتی ئیسرائیل و فەلەستین. ئیسرائیل و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیشەوە بەم چارەسەرە رازین و پشتگیری لێ دەکەن، بەڵام کێشەی سەرەکی کە بۆتە ئاستەنگ بۆ چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە ئەوەیە کە دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین بەهۆی دەستتێوەردانی ئێرانەوە کە پشتگیری تەواوی باڵی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی حەماس دەکات، ناتوانێت ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێت کە بتوانێت بە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل پێکەوە بژین، ئەمە پێمان دەڵێت: کێشەکە ئەوە نییە کە ئیسرائیل، یان ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری لە چارەسەری دوو دەوڵەت ناکەن، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئایا دەبێت چەمك و پێناسەی ئەو دەوڵەتە چۆن بێت کە لەچوارچێوەی رێککەوتنی ئاشتی و پشتگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ فەلەستین دروست دەکرێت؟ ئایا دەبێت دەوڵەتی فەلەستین دەوڵەتێکی هاوچەرخ بێت و دان بەبوونی ئیسرائیلدا بنێت، یان دەوڵەتێکی پاشکۆی ئێران دەبێت و داوای سڕینەوەی وجوودی دەوڵەتی ئیسرائیل بکات؟ بێگومان جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی هەتا حزبوڵڵای لوبنانی لە سنووری ئیسرائیل چەکی لێ دانەماڵدرێت و باڵی سەربازی و سیاسیی بزووتنەوەی حەماس رێز لە دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین نەگرێت و غەزە و رامەڵا یەك نەگرنەوە، ئەوا

دروستبوونی ئەو دەوڵەتە هاوچەرخە بۆ فەلەستین مەحاڵەو پرۆسەی ئاشتیش لە جێگەی خۆی سڕدەبێت و وەك پرۆسەیەكی مردووی لێ دێت.

٣. خاڵی هەرە گرنگ و هۆكار بۆ ناسەقامگیری و پاشاگەردانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هاوشانی رادیكاڵیزمی فیكری وەهابیی سوننە، رادیكاڵیزمی فیكری شیعیی ویلایەتی فیقهی-یشە، ئەوجا چۆن فیكری رادیكاڵیزمی وەهابی ئامانجی دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامییە لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا، بە هەمان ئایدیۆلۆژیەتی شیعیزمی ولایەتی فەقیهیش ئامانجی دامەزراندن و كۆپیكردنەوەی كۆماری ئیسلامی و سەركردایەتیكردنی تەواوی جیهانی ئیسلامییە. سەبارەت بە ریشەكێشكردنی رادیكاڵیزمی فیكری وەهابی، عەرەبستانی سعودیە نەك هەر وەڵامدانەوەی بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵكو خۆی دەستی پێكردووە كە نابێت رەگ و ریشەی توندڕەویی فیكری وەهابی لە عەرەبستانی سعودیە بوونی بمێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا كۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە لە ریشەهەڵكێشانی رادیكاڵیزمی ئایدیۆلۆژیەتی شیعیزم بۆ دامەزراندنی سیستمی ولایەتی فەقیهی وەڵامدانەوەی بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییەو، هەمان هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕێكی گەورە دەكات و، دەیەوێت هەموو سەركەوتنەكانی شەڕی دژی داعش و لە ریشەهەڵكێشانی مەترسییەكانی رادیكاڵیزمی فیكری وەهابی بكرێتە خەڵات بۆ سوپای پاسداران و میلیشیا وەكیلەكانی و دوای كۆتاییهاتنی شەڕی داعش، هەمان مەترسییەكانی لە ژێر پەردەی بەرگری لە داگیركاری فەلەستین و قودس درێژە پێبدات.

٤. سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكەی كە كۆپیكردنەوەی كۆماری ئیسلامە لەو وڵاتانەی كە میلیشیای شیعەی وەكیلی سوپای پاسدارانی لێ دروستكردووە، هەتا ئێستا پایەتەختی هەر چوار دەوڵەتی (عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن)ـی كۆنترۆڵ كردووەو پاشاگەردانیشی لەناو دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین دروستكردووەو رامەڵڵا و غەزای لێك جیاكردۆتەوە، بوونی ئەم میلیشیایانە سیفەتی دەوڵەتی لە هەموو ئەو دەوڵەتانە سڕیوەتەوە و ئێستا بە ئاشكرا ئەو دەوڵەتانە ناتوانن وەڵامی خواست و داواكاری نێودەوڵەتی بدەنەوە كە داوایان لێكردوون، كۆتایی بە بوونی ئەو میلیشیا شیعانە بهێنن و ببنەوە بە دەوڵەتی هاوچەرخ.

ئەگەر سەرنجێكی ورد لەو خاڵانە بدەین، كە بوونەتە خواست و داواكاری تەواوی جیهان بۆ گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا بە ئاشكرا هەست بەو راستییە دەكەین لە كۆی چوار خاڵ، سێیان پەیوەندی بە عینادی و لاساری سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە كە هەرگیز نایەوێت هەڵوێستەكانی خۆی لەگەڵ هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی و كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاوتەریب بكات، بۆ ئەوەی تەواوی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاشتییانە چارەسەر بكرێت و ئارامی و سەقامگیری بۆ ناوچەكە بگەڕێتەوە.

لەبەرامبەر ئەمەدا، ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی بدەین، دەبینین هیچ دەوڵەتێك لەم جیهانەدا بوونی نییە كە دژایەتی ئەو چوار خاڵە بكات، بێجگە لە كۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو میلیشیا چەكدارنەی لە پایەتەختەكانی (بەغدا و دیمەشق و بەیروت و سەنعا و غەزە) بوونیان هەیە.

كۆبوونەوەی بەپەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر بڕیارەكەی ترەمپ بۆ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودسی رۆژئاوا و قسەكانی نیكی هالی باڵیۆزی ئەمریكا لە نەتەوە یەكگرتووەكان، ئەو گومانەی رەواندەوە كە بڕیارەكەی ترەمپ دژی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بێت و، جەختی لەسەر ئەوە كردەوە هەر پرۆسەیەكی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بكرێت، دەبێت بە سەرۆكایەتی ئەمریكا بێت و لەمەش زیاتر ئاماژەی بەوە كرد، ئەمریكا ئێستا لە هەموو كاتێك زیاتر پابەندە بە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە نێوان فەلەستین و ئیسرائیل.

دینس رۆس گەورە دیپلۆماتكاری ئەمریكا و توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن لە وتارێكیدا سەبارەت بە شێوازی دارشتنی بڕیارەكەی ترەمپ سەبارەت بە قودس، جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە، وردەكاری بڕیارەكەی ترەمپ لەوەدایە كە دەڵێت گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریكا بۆ قودس بۆ

**سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكەی كە كۆپیكردنەوەی كۆماری ئیسلامە لەو وڵاتانەی كە میلیشیای شیعەی وەكیلی سوپای پاسدارانی لێ دروستكردووە، هەتا ئێستا پایەتەختی هەر چوار دەوڵەتی (عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن)ـی كۆنترۆڵ كردووەو پاشاگەردانیشی لەناو دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین دروستكردووەو رەمەڵا و غەزای لێك جیاكردۆتەوە**

**كۆماری ئیسلامی ئێران سەبارەت بە لە ریشەهەڵكێشانی رادیكاڵیزمی ئایدیۆلۆژیەتی شیعیزم بۆ دامەزراندنی سیستمی ولایەتی فەقیهی وەڵامدانەوەی بۆ كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نییەو، هەمان هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕێكی گەورە دەكات و، دەیەوێت هەموو سەركەوتنەكانی شەڕی دژی داعش و لە ریشەهەڵكێشانی مەترسییەكانی رادیكاڵیزمی فیكری وەهابی بكرێتە خەڵات بۆ سوپای پاسداران و میلیشیا وەكیلەكانی و دوای كۆتاییهاتنی شەڕی داعش، هەمان مەترسییەكانی لەژێر پەردەی بەرگری لە داگیركاری فەلەستین و قودس درێژە پێبدات**

**سەبارەت بە ریشەکێشکردنی رادیکاڵیزمی فیکری وەهابی، عەرەبستانی سعودیە نەک هەر وەڵامدانەوەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵکو خۆی دەستی پێکردووە کە نابێت رەگ و ریشەی توندرەویی فیکری وەهابی لە عەرەبستانی سعودیە بوونی بمێنێت**

**جیهان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی هەتا حزبوڵای لوبنانی لە سنووری ئیسرائیل چەکی لێ دانەماڵدرێت و باڵی سەربازی و سیاسیی بزووتنەوەی حەماس رێز لە دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین نەگرێت و غەزە و رامەڵڵا یەک نەگرنەوە، ئەوا دروستبوونی ئەو دەوڵەتە هاوچەرخە بۆ فەلەستین مەحاڵەو پرۆسەی ئاشتیش لە جێگەی خۆی سڕدەبێت و وەک پرۆسەیەکی مردووی لێ دێت**

**دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین بەهۆی دەستێوەردانی ئێرانەوە کە پشتگیری تەواوی باڵی سیاسی و سەربازیی بزووتنەوەی حەماس دەکات، ناتوانێت ئەو دەوڵەتە دابمەزرێنێت کە بتوانێت بە ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل پێکەوە بژین**

ئەو شوێنەی ئێستا بینایەی کەنێست و حکومەتی ئیسرائیلی لێیە لە قودسی ڕۆژئاوا، هەر بۆیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی باڵیۆزخانەکانیان لە ئیسرائیلە، کاتێك سەردانی ئیسرائیل دەکەن، ڕاستە باڵیۆزخانەکانیان لە تەلئەبیبە، بەڵام دەچنە قودسی ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەندامانی کەنێست و حکومەتی ئیسرائیل کۆبوونەوە بکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە هەموو ئەو دەوڵەتانەی جیهان بە بەشێك لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامییشەوە وەك (میسر و تورکیا) هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا نییە کە قودسی ڕۆژئاوا پایتەختی ئیسرائیلە و وەك پایتەخت سەردانی قودسی ڕۆژئاوا دەکەن.

ئەگەر لەسەر ئەم بۆچوونەی دینیس ڕۆس، جارێکی دیکە هەڵوەستەیەك لەسەر کاردانەوە دژەکانی دەوڵەتانی جیهان بکەین، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی باڵیۆزخانەیان لە ئیسرائیل هەیە، دەبینین لەبەرامبەر بڕیارەکەی ترەمپ، کێشەکە ئەوە نییە کە ئیسرائیل قودسی ڕۆژئاوای کردۆتە پایتەخت و ئەمان دان بەو پایتەختەدا نانێن، بەڵکو وەك گوشارێك بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، گواستنەوەی باڵیۆزخانەکانیان بۆ قودسی ڕۆژئاوا دواخستووە، بۆ ئەوەی قودس وەك شارێکی کێشە لەسەر لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە چوارچێوەی ڕێککەوتنەکانی ئاشتیدا، کێشەکەی چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: بۆچی ئیدارەی ترەمپ بە هاوشێوەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی دیکەی جیهان کە باڵیۆزخانەیان لە ئیسرائیل هەیە، چاوەڕێی ئەوەی نەکرد، پرۆسەی ئاشتی سەربکەوێت ئەوجا ئەو بڕیارە بدات؟ بەشی سەرەکیی وەڵامی ئەم پرسیارە خودی ترەمپ دەیداتەوە، بەوەی کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٩٥ ـەوە، واتە دوو ساڵ دوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆی ١٩٩٣ چارەسەری «دوو دەوڵەتی» بۆ کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل پێشنیار کردو ئەو یاسایەی دەرکرد کە ئەمریکا دان بەوەدا دەنێت قودس پایتەختی ئیسرائیلە، ئەمەش مانای ئەوەیە لەماوەی ئەم ٢٢ساڵەدا چەندین سەرۆك وەك (بیل کلینتۆن و جۆرج دەبلیو بوش و باراك ئۆباما) گۆڕاون، هێشتا فەلەستین و ئیسرائیل لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی ئۆسلۆ نەیانتوانیوە بگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانە، بۆیە بەشێك لە چاودێران و پسپۆڕان بەجۆرێکی دیکە شرۆڤەی بڕیارەکەی ترەمپ دەکەن و پێیانوایە



لەبەر ئەوەی هاوکات لەگەڵ بڕیارەکەی ترەمپ، جەختکردنەوەی لەسەر بەردەوامی و سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی تێدایە و لە کۆبوونەوە بەپەلەکەی ئەنجومەنی ئاسایشدا هەموو دەوڵەتان جەختیان لەسەر سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی کردەوە، ئەوا ئەم بڕیارەی ترەمپ کە نزیکەی ماوەی دوو ساڵی دەوێت، تا جێبەجێ دەکرێت، خۆی لە خۆیدا دەبێتە سەقفێکی زەمەنی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیری دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین بکات، بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی هاوچەرخ دابمەزرێنێت و لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پاشەکشە پێکردنی نفووزی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕابگەیەنێت.



**کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دووڕیانی هەڵگیرسانی شەڕ و پابەندبوونی بە یاسا نێودەوڵەتییەکان**

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، (بێجگە لە کۆماری ئیسلامی و میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسداران)، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیریی هەر لە عێراقەوە تا یەمەن لەسەر ئەم خاڵانە کۆکن:

چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراقی دوای داعش

بۆ عێراقی دوای نەمانی تیرۆریستانی داعش، هەریەك لە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش جەخت دەکەنەوە کە:

ئ: بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، داوا دەکەن دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ جێبەجێ بکرێت. بە تەواوی ماددەکانیەوە، هەروەها ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان.

ب: میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی هاوشێوەی حەرەکاتی حزبوڵڵا و نوجەبا هەڵبوەشێندرێنەوە و راویژکارە سەربازییە ئێرانییەکان و چەکدارانی حزبوڵڵای لوبنانی لە عێراق نەمێنن.

ج: ئەو میلیشیایانەی کە دەکەونە ژێر چەتری یاسای حەشدی شەعبی، بەشێکیان تەسریح بکرێن، یان خانەنشین بکرێن، یاخود بگەڕێنەوە سەر پیشە مەدەنییەکانی خۆیان، ئەو هێزەی دەمێنێتەوە تێکەڵی

هێزەکانی ئاسایشی عێراق بکرێن و نابێت تێکەڵی پرۆسەی سیاسی بکرێن.

نفووز و باڵادەستیی ئێران لە عێراقدا لەو ئاستەیە کە نەك هەر رێگە نادات هیچ کام لەم میکانیزمانە بۆ عێراقی دوای داعش جێبەجێ بکرێن، بەڵکو بە رێگەی میلیشیا وەکیلەکانی لە عێراقدا زەمینیەکی هێندە ئاڵۆز دروستکراوە کە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت بە گەشبینی سەیری ئایندەی عێراق بکرێت.

## ● چارەسەرکردنی کێشەکانی سووریا دوای نەمانی داعش بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆ

لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی سووریای دوای شەڕی داعش زۆر لە عێراق ئاڵۆزترە و پێویستی بە کۆتاییهێنان بە شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە هەیە کە ماوەی نزیکەی شەش ساڵە درێژەی هەیە، بەڵام دیسان لەم کێشەیەشدا تەفاهومێکی زۆر لە نێوان رووسیا و ئەمریکا دروست بووە، بەڵام فاکتەری سەرەکی بۆ ئاستەنگ خستە بەردەمی پرۆسەکە بە پلەی یەکەم ئێرانە کە دەیەوێت هەم میلیشیاکانی حزبوڵڵا و هەم میلیشیا شیعە پرۆئێرانییەکانی لەو وڵاتە بوونی هەبێت، هەمیش چەند بنکەیەکی سەربازی لەو وڵاتە دابمەزرێنێت، هەر بۆیە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جەخت دەکەنەوە:

ئـ: هەردوو سەرۆك ترەمپ و پۆتین لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە چەند زۆنێکی ئارام دروست بکەن و کێشەکان سنووردار بکەن، بۆ ئەوەی ئاگربەس بەردەوام بێت و شەڕ لە سووریا دووربخرێتەوە.

ب: هەردوو سەرۆك ترەمپ و پۆتین رێککەوتوون بە هەموو شێوەیەك ئەمریکا و رووسیا لەسەر دۆسێی سووریا کێشەیان لەگەڵ یەکدا بۆ دروست نەبێت و خۆیان لە کێشە بەدوور بگرن.

ج: رێز لە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بگیرێت، کە تایبەت بە کێشەی سووریا دەرکراون.

د: لەچوارچێوەی بەیاننامەی ژنێڤدا کار بۆ قۆناخی راگواستن بکرێت و زەمینە بۆ هەڵبژاردنێکی دادپەروەر و ئازاد دابین بکرێت و هەموو پێکهاتەکان و رەوەندی سووریا لەدەرەوە بەشداری تێدا بکەن و هەڵبژاردنەکە رەچاوی ستاندەر و شەفافییەتی نێودەوڵەتی بکات.

دیارە ئەم هەنگاوانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رژێمی ئەسەد لە قۆناخی ئینتیقالیدا دەهێڵێتەوە و گۆڕانکاری لە رژێمی سووریا دەکەوێتە چوارچێوەی رێککەوتنەکان بۆ کۆتاییهینان بە شەڕی ناوخۆ و پاشانیش دانانی سیستمێکی سیاسی کە گەلانی سووریا خۆیان لەسەری رێکدەکەون.

بەڵام لەبەرامبەر ئەم هەوڵانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە حوکمی ئەوەی ئێران نفووزێکی هێجگار گەورەشی لە سووریادا هەیە، بەتەنیا پرۆژەیەکی ٤ خاڵی هەیە کە داوا دەکات:

١. دەستبەجێ ئاگربەس رابگەیەنرێت.
٢. حکومەتێکی نیشتمانی و یەکگرتوو دابمەزرێت و رژێمی ئێستای ئەسەد بەهێز بکرێتەوە.
٣. دەستور هەموار بکرێت.
٤. هەڵبژاردن بکرێت .

ئەم پرۆژە چوار خاڵییەی ئێران، دیمەشق دەکاتە پاشکۆی تاران و هەرگیز سەقامگیری بۆ سووریا ناگەڕێتەوە و شەڕی ناوخۆش هەر بەردەوام دەبێت.

## ● لوبنان و مەترسی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان حزبوڵڵا و ئیسرائیلدا

حزبوڵڵای لوبنانی کە لە بنەڕەتدا لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە بەناوی بزووتنەوەی بەرگری لەدژی داگیرکاری ئیسرائیلی دروستکراوە، ئێستا لە کارەکتەرێکی لۆکاڵەوە بۆتە کاراکتەرێکی ئیقلیمی و کاریگەری لەسەر هەریەك لە عێراق و سووریا و یەمەن هەیە، هەروەها لەهەردوو بەرەی باشووری لوبنان و سنووری بەرزاییەکانی جۆلانەوە هەڕەشەی لەسەر ئیسرائیل دروستکردووە، بە رێگەی ناردنی راوێژکار سەربازی بۆ تەقاندنی رۆکێت و مەشق پێدانی چەکدارەکانی ئەنسارولڵای حوسی لە یەك کاتدا بەرەیەکی هاوشێوەی لە سنووری یەمەنەوە لەگەڵ سعودیە دروست کردووە و لە رێگەی رۆکێتەکانیشەوە، ریازی پایتەختی سعودیەی گرتۆتە ئامانج، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ رەوینەوەی ئەم مەترسییە وەك هەنگاوی یەکەم حزبوڵڵای لوبنانی وەك رێکخراوێکی تیرۆریستی ناساندووە، لە هەنگاوی دووەمیشدا هەوڵدەدات هاوکاری حکومەتی لوبنانی بکات بۆ ئەوەی سوپای نیشتمانیی لوبنان بەهێز بێت و میلیشیاکانی حزبوڵڵا لە چەك دابماڵدرێن، بەڵام لەبەرامبەردا بەهۆی هاوکارییە داراییەکانی ئێران بە بڕی زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار لە ساڵێکدا و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی و رۆکێت لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بۆ حزبوڵڵا، ئێستا حزبوڵڵا لە چەندین بەرەوە هەڕەشەی هەڵگیرساندنی شەڕێکی گەورە دەکات.

**بە حوکمی ئەوەی سەرچاوەی رادیکاڵیزمی فیکری وەهابی عەرەبستانی سعودیەیە، ئەوا لەساڵی ٢٠١٥وە و لەدوای دەستبەکاربوونی شا سەلمان وەک پادشای سعودیە هەوڵەکان بەو ئاراستەیە بوون کە سنوورێک بۆ مەترسییەکانی رادیکاڵیزمی وەهابی دابنرێت**

**ئەگەر رادیکاڵیزمی شیعە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی و هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی لەلایەن ئێرانەوە بوونی نەبوایە، ئەوا لەوانەبوو لەدوای کۆتاییهاتنی داگیرکاری سۆڤیەت بۆ ئەفغانستان، دامەزراندنی رێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست لەلایەن موجاهیدە فرەرەگەزەکانی ئەفغانستانەوە بە پێویست نەزانرابایە**

## ● چەکدارنی ئەنسارولڵای حوسی و ئایندەی یەمەن

حوسییەکانی یەمەن لەگەڵ ئەوەی کەمینەن، بەڵام بەهۆی هاریکاری راستەوخۆی ئێران و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی حزبوڵڵای لوبنانییەوە، ئێستا بوونەتە هێزێك کە سەنعای پایتەختی یەمەنیان کۆنترۆڵ کردووەو توانیویانە بە ڕێگەی ڕۆکێتی (برکان ١و ٢ )ی ئێرانی و هەروەها بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی خۆکوژ و بەلەمی بێ بەلەمەوانی خۆکوژ، ئاسایشی وڵاتانی وەك سعودیە و ئیمارات بخەنە مەترسییەوە و هەروەها مەترسیی گەورە لەسەر کەنارەکانی دەریای سوور بۆ دەریاوانی و گواستنەوەی وزە دروست بکەن، ئەمە بێجگە لەوەی ژینگەی مەترسیداریان بۆ بڵاوبوونەوەی برسێتی و نەخۆشی دروست کردووە. عەرەبستانی سعودیە دوای ئەوەی گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەم میلیشیایە بە کردەیی بووەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی کەنداو، ناچار هاوپەیمانییەکی ئیسلامی پێکهێناو لەچوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی حەزم دەستتێوەردانی کرد و شەڕی دژی حوسییەکانی یەمەن ڕاگەیاند، بەڵام بە هۆی هاوکارییەکانی ئێرانەوە نەك نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت و شەرعییەت و سەقامگیری بۆ یەمەن بگەڕێتەوە، ئێستا سعودیە ترسی ئەوەیە، ئەنسارولا لەسەر سنوورەکانی نێوان سعودیە و یەمەن، ببنە حزبوڵڵای لوبنانی لە نێوان سنوورەکانی لوبنان و ئیسرائیل، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئەوە دەکەن بە دیالۆگ و گێڕانەوەی شەرعییەت بۆ حکومەتی یەمەنی کێشەکانی چارەسەر بکرێت، بەڵام پێداگری ئێران و حزبوڵا وایکردووە هەر درێژە بە شەڕەکە دەدەن.

دیارە لە عێراق و سووریا و یەمەن، میلیشیا وەکیلەکانی شیعە شەڕی خۆیان ڕاگەیاندووەو شەڕەکەش بەردەوامی هەیە، بەڵام لە باشووری لوبنانەوە هێشتا حزبوڵڵای لوبنانی شەڕەکەی بە ڕەسمی ڕانەگەیاندووە، لەلایەکی دیکەش شەڕی حزبوڵڵای لوبنانی لەگەڵ ئیسرائیل ئەگەر دابگیرسێت، لەبەر ئەوەی حزبوڵڵا زیاتر لە ١٠٠ ڕۆکێتی لەبەردەستە و زیاتر لە ٦٠-٧٠ هەزار چەکداری مەشق پێکراوی بەئەزموونی هەیە، لەبەرامبەریشدا ئیسرائیل خاوەنی جبەخانەیەکی گەورەی ڕۆکێت و هێزێکی گەورەی ئاسمانی و هێزێکی سەربازیی خاوەن چەکی قورسی هەیە، مەترسیی ئەوە دەکرێت، شەڕی حزبوڵڵا لەگەڵ ئیسرائیل شەڕێکی گەورەی خوێناوی بێت و ژمارەیەکی هێجگار زۆری خەڵکی سڤیل ببنە قوربانی. چاودێرانی بارودۆخەکە لەسەر قوربانییانی سڤیلی ئەم شەڕە ئاماژە بەوە دەکەن، حزبوڵڵای لوبنانی باکی بە قوربانییانی خەڵکی سڤیل نییە کە لەم شەڕەدا دەبنە قوربانی، لەبەر ئەوەی حزبوڵڵا دەیەوێت قوربانییانی سڤیل بکاتە پروپاگەندە بۆ شاردنەوەی شەڕەکەی خۆی، بۆیە لەگەڵ ئەوەی هەموو پسپۆڕانی سەربازی و جەختکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێداگیری لەوە دەکەن، ڕێگری لەشەڕی نێوان ئیسرائیل و حزبوڵڵا بکەن، بەڵام ئاراستەکە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئێران مەبەستی بێت ئەو شەڕە هەڵبگیرسێت، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە کە کیسنجەر ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت: «ئەگەر کەسێك نەتوانێت گوێی لە تەپڵی ئەو شەڕە بێت کە دەستی پێکردووە، ئەو کەسە ڕەنگە کەڕ بووبێت، یان هیچ نەبیستێت.»

لە دوماهی ئەم خوێندنەوەیەدا دەگەینە ئەوەی، ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتۆتە نێوان دووڕیانێکەوە، یان ئەوەیە دەبێت چۆن عەرەبستانی سعودیە ئامادەباشی پیشانداوە بۆ لە ریشە هەڵکێشانی ڕادیکاڵیزمی فیکری وەهابی، بەهەمان شێوە ئێرانیش دەبێت ئامادەباشی خۆی پیشانبدات بۆ لە ریشە هەڵکێشانی ڕادیکاڵیزمی ئایدیۆلۆژیەتی شیعیزمی ویلایەتی فەقیهی و خۆی بکاتەوە بە دەوڵەتی هاوچەرخ و ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتیەکان بگرێت، یاخود دەبێت زیاتر بەرەو ئاگرەکە ڕابکات و زەمینە بۆ شەڕێکی گەورە خۆش بکات، سەبارەت بە ئەگەری ئەم دوو ڕیانەش پسپۆڕان ڕایانوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێت ببێتە دەوڵەتێکی هاوچەرخ و پابەندی یاسا نێودەوڵەتییەکان بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەمەی کرد، دەبێت هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی ڕابگرێت، بەمەش چەمك و بوونی کۆماری ئیسلامی کۆتایی دێت، بۆیە ئەگەری زیاتر ئەوەیە ڕێگەی دووەم کە شەڕە هەڵبژێرێت بەو هیوایەی لە ناسەقامگیری و پاشاگەردانیدا پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات، هەموو ئەم واقیعەش لە داهاتوویەکی نزیکدا کاردانەوەکانی دژی بڕیارەکەی ترەمپ پەردەی لەسەر هەڵدەماڵێت و ئاشکرای دەکات.

**پشتگیری دەوڵەتانی ئیسلامی بۆ عەرەبستانی سعودی لە شەڕی دژی حوسییەکان ئەو ڕاستییەی پیشانی جیهاندا، کە لە ئێستادا مەترسیی ئێران و میلیشیا وەکیلەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر گەورەترە لە مەترسیی ئیسرائیل بۆ ڕێگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتی فەلەستین**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران کەوتۆتە نێوان دووڕیانێکەوە، یان ئەوەیە دەبێت چۆن عەرەبستانی سعودیە ئامادەباشی پیشانداوە بۆ لە ریشە هەڵکێشانی ڕادیکاڵیزمی فیکری وەهابی، بەهەمان شێوە ئێرانیش دەبێت ئامادەباشی خۆی پیشانبدات بۆ لە ریشە هەڵکێشانی ڕادیکاڵیزمی ئایدیۆلۆژیەتی شیعیزمی ویلایەتی فەقیهـ و خۆی بکاتەوە بە دەوڵەتی هاوچەرخ و ڕێز لە یاسا نێودەوڵەتیەکان بگرێت، یاخود دەبێت زیاتر بەرەو ئاگرەکە ڕابکات و زەمینە بۆ شەڕێکی گەورە خۆش بکات**

# ئەمریکا نزیکەی ٤٠ ساڵە دەیەوێت ڕووبەڕووی ئێران ببێتەوە ئێستا خەریکە پلانەکەی جێبەجێ دەکات

**سەرۆک مسعود بارزانی وەک ستراتیژ سەیری ریفراندۆم دەکات و ئەم ستراتیژەش ئاکامێکیی ئیجابییانەی جێبەجێنەکردنی دەستوورە، بۆیە وەک ستراتیژ ریفراندۆم ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەوجا ئەمڕۆ بێت، یان سبەی، بەڵام کاتێک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەڵە لەم ستراتیژە تێدەگات و دژایەتی ریفراندۆم دەکات**


ڕووخانی شای ئێران لەساڵی ١٩٧٩ و جێگرتنەوەی لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، وەرچەرخانێکی گەورەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستکردو ئەم وەرچەرخانەش بەدڵ و لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا نەبوو، لەو کاتەشەوە ململانێ و دژایەتیی تاران بۆ واشنتۆن و بەپێچەوانەشەوە دەستی پێکردووە.

لە ڕوانگەی ئەمریکاوە شەڕکردن دژی ئێران تێچوویەکی گەورەی ماددی و مرۆیی دەوێت، بۆیە نایەوێت ئەم قوربانییە گەورەیە بدات، هەر بۆیە لە شەڕی عێراق – ئێراندا، ئەمریکا پشتگیری ڕژێمی سەدام حوسێنی کردو سەرەنجام لە ساڵی ١٩٨٨ ئێران بە جێبەجێکردنی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش تەسلیم بوو، هەروەك خومەینی ئەوکات ئاماژەی پێکرد، جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە وەك خواردنەوەی پەرداخێك ژەهر بووە.

لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باس لە مەترسییەکانی ئێران بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، هەندێك باس لەوە دەکەن کە شەڕەکە لەنێوان ئێران و سعودیەیە، بەڵام ئەم شەڕە بە شێوەیەکی کرداری، شەڕە لەنێوان ئێران لەلایەك و ئەمریکا و ناتۆ و دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا لەلایەکی دیکە، هەر بۆیە ئەمریکا پێشتر بواری بۆ ئێران ڕەخساند بۆ ئەوەی باڵادەست بێت وەك ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئێران پایتەختی چوار دەوڵەتی عەرەبی داگیرکردووە کە بریتنین لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن، ئەمەش مەترسیی گەروەی لەسەر تەواوی ناوچەکە و دەوڵەتانی کەنداو دروستکردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی سعودیە و کەنداو هەست بەوە بکەن کە پێویستە شەڕی مان و نەمان بکەن.

ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستا کە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکە دروستی کردووە، پەندێك هەیە دەڵێت: «بە بەردێك دوو چۆلەکەی کوشتووە»، بەڵام ئەمریکا بە بەردێك سێ چۆلەکەی کوشتووە کە بریتین لە: ١- دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیە و کەنداو کە لەبەرامبەر مەترسیی ئێراندا هیچ ڕێگەیەکیان لەبەردەمدا نەماوەتەوە بێجگە لە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ٢- سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو دەبێت خەرجی شەڕەکە لە ئەستۆ بگرن، ٣ – ئامانجی هەرە سەرەکی و ستراتیژی ئەمریکاش کە لەساڵی ١٩٧٩وە ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئێراندا دێتەدی.

سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران، تەنیا وەشاندنی گورزێکی سەربازی نییە، بەڵکو بۆ ئەوەی مەترسیی ئێران



د.محەمەد ساڵح جومعە

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەتەواوەتی کۆتایی پێبهێنن، ئامانجەکە خۆی لە نەمانی ئێران وەك دەوڵەت دەبینێت. جیاوازیی ئێران لەگەڵ دەوڵەتێکی وەك تورکیا ئەوەیە کە تورکیا بەشی هەرە زۆری گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی بەهۆی کودەتای سەربازی ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئێران لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا سوپا هەرگیز کودەتای نەکردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئێران دابەش نەکرێت ئەوا مەترسییەکەی هەر دەمێنێت، هەروەك چۆن ئێستا لە ٥ ناوچەی جیاوازی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگری شەڕی کردۆتەوە، لەم حاڵەتەدا بۆ ئەوەی ئەم مەترسییەی ئێران بڕەوێتەوە، ئەوا ئامانجەکە ئەوەیە هاوشانی دەوڵەتێکی فارسی، چوار دەوڵەتی دیکە بۆ ئازەربایجان و کوردستان و بلوچستان و عەرەبستان لەناو دەوڵەتی ئێراندا دروست بکەن. بۆ دەستپێکردنی ئەو ستراتیژیەتەش کە ئەمریکا دەخوازێت جێبەجێی بکات، لەچەند رۆژی رابردوو ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا نامەیەکی توندی وەك هۆشداری داوەتە ئێران و لەوە ئاگاداری کردۆتەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی، یان هەر هێزێکی دیکەی پاشکۆی ئێران زیان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بدات، ئەوا ئەمریکا بە توندی وەڵامدانەوەی دەبێت.

وەك هەنگاوی یەکەم ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە نفووزی ئێرانی لە سووریا و عێراق و لوبنان پاشەکشە پێ بکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا ئێران بە چ گوشارێك پاشەکشەی پێدەکرێت؟ بێگومان دەبێت شەڕی لەگەڵدا بکرێت و دەبێت ئەو شەڕەش بکرێت. هەندێك لەوانەی چاودێری بارودۆخەکە دەکەن، باس لەوە دەکەن کە میلیشیا وەکیلەکانی سوپای پاسدارانی ئێران هێزێکی کاریگەرن لەسەر زەوی لەبەرامبەردا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە ئەو هێزە کاریگەرەیان لەسەر زەوی نییە، بەڵام ئەوەی مەزەندە دەکرێت، ئەمریکاو ناتۆ و هاوپەیمانەکانیان بۆ پاشکەشەپێکردنی ئێران و وەکیلەکانی پشت بە شەڕی هێزی زەمینی دژی هێزێکی زەمینی دیکە نابەستن، بەڵکو دەیانەوێت سەرەتا بەهێزی ئاسمانی و رۆکێت، پاشان ئەگەر پێویستی کرد بە چەکی نێوکلیاری رووبەڕووی ببنەوە، سەبارەت بەم حاڵەتە مێژووی تەواوی شەڕەکانی جیهان پێمان دەڵێت، ئەم سێ چەکە کاریگەرترین چەکن بۆ تەسلیمبوونی ئەو هێزانەی کە دەیانەوێت سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەیەك، یان جیهان بشێوێنن. هەر بۆ نموونە ئەمریکا لەشەڕی دووەمی جیهاندا چەکی ئەتۆمی دروست کرد بۆ

**تورکیا هەر زوو لە وەرچەرخانی هاوکێشەکە تێگەیشتووە، بۆیە ئێستا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕیوەو دەزانێت هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی فیتنەیەکی گەورەی لێ دروست دەبێت و پڕیشکیش بەر تورکمانەکان دەکەوێت**

**کاتێک سەیری عینادی و زمانی هەڕەشەئامێزی حەیدەر عەبادی دەکەین، دەبێت باش لەو ڕاستییە ئاگادار بین کە حەیدەر عەبادی وەک سەرۆک وەزیران خاوەنی هیچ بڕیارێک نییە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ئەوەی لەبەغدا بڕیاربەدەستە، ئەو میلیشیایانەی حەشدی شەعبین کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران وەردەگرن**

**بۆ ئەوەی ئەم مەترسییەی ئێران بڕەوێتەوە، ئەوا ئامانجەکە ئەوەیە هاوشانی دەوڵەتێکی فارسی، چوار دەوڵەتی دیکە بۆ ئازەربایجان و کوردستان و بەلوچستان و عەرەبستان لەناو دەوڵەتی ئێراندا دروست بکەن**


**ئەو پیلانەی لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەدەستی تاقمێ خیانەتکار پێشڕەوی بۆ سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی ئاسان کرد، بۆ ئەوەی کەرکووک داگیربکرێتەوە، پیلانێک بوو مەبەستەکەی تەنیا داگیرکردنەوەی شارێک نەبوو، بەڵکو لەناوبردن و داگیرکردنەوەی سەرتاسەری باشووری کوردستان بوو**

ئەوەی هیتلەری پێ تەسلیم بکات، بەڵام ئەوە بوو ئەڵمانیا لە ئایاری ١٩٤٥ تەسلیم بوو، بۆیە لە ئابی ١٩٤٥ بۆمبی نیوکلیاری لەسەر هەردوو شاری هێرۆشیما و ناگازاکی تەقاندەوەو بەمەش ژاپۆن ناچار بوو تەسلیم ببێت، بەهەمان شێوە لەشەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانیشدا، ئێران بە وەستاندنی شەرەکە ڕازی نەدەبوو، بەڵام بە دابینکردنی ڕۆکێت بۆ ڕژێمی سەدام حوسێن و ڕۆکێتبارانکردنی تاران، ئیدی ئێران ناچار بوو بە ڕاگرتنی شەڕەکە ڕازی ببێت. لەناو ئەم سیناریۆیەدا پرسیار ئەوەیە: ئایا ڕووسیا ڕۆڵی چی دەبێت و هەڵوێستی بەرامبەر ئێران چۆن دەبێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا چاودێران دەڵێن: ڕووسیا دەیەوێت بە پێی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٢١ ئەگەر ئێران بووە پێنج دەوڵەت، ئەوا ئازربایجان و کوردستان تەسلیمی ئەو بکرێن.

## کوردستان لەناو نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

ئەو پیلانەی لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر بەدەستی تاقمێ خیانەتکار پێشڕەوی بۆ سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی ئاسان کرد، بۆ ئەوەی کەرکووك داگیربکرێتەوە، پیلانێك بوو مەبەستەکەی تەنیا داگیرکردنەوەی شارێك نەبوو، بەڵکو لەناوبردن و داگیرکردنەوەی سەرتاسەری باشووری کوردستان بوو. هیچ پەیوەندییەکیشی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە نەبوو، بەڵکو هەتا ئەگەر ڕیفراندۆمیشمان نەکردایە، ئەو پیلانە هەر جێبەجێ دەکرا، خۆ دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ ڕێگرە لەوەی کە هێزی سەبازی بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان بەکار بهێنرێت، نەك هێرشی پێ بکرێتە سەر کوردستان. بەڵام بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پردێ و ڕەبیعە و سحێلا دەریخست کە بەهێزی سەربازی ناتوانن ئەو کارەیان سەربگرێت و لەسەر ئاستی سیاسیش لەمیانەی سیاسەتی هێمن و لۆژیکانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی بۆ دەوڵەتانی هاوپەیمان، ئەوە بوو لەسەردانی ئەم دواییەی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ فەرەنسا بە تەواوەتی هاوکێشەکەی پێچەوانە کردەوە.

پێش ئەو سەردانەی شاندی حکومەتی کوردستان بۆ فەرەنسا، هەریەك لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان داوایان کردبوو کە لەنێوان کوردستان وبەغدا وتووێژ لە چوارچێوەی دەستووردا دەست پێبکات، بەڵام حکومەتی بەغدا خۆی لەو داوایە دەدزییەوە، بەڵام کە فەرەنسا هاتە ناوەوە، ئەم پرۆسەیە خێراتر دەبێت، بەتایبەتی کە فەرەنسا جیا لەوەی دەوڵەتێکی گەورەی یەکێتی ئەوروپایە، لە هەمانکاتدا دەوڵەتێکی گەورەی ناتۆ و ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیشە. کەواتە بە هاتنە ناوەوەی فەرەنسا و داواکردنی بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بەتایبەتیش ماددەی ١٤٠ و هەڵوەشانەوەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، ئەمە مانای ئەوەیە کە داواکاری جێبەجێکردنی دەستوور و دابینکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان، دەبێتە داواکاریی ئەمریکا و فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا و تەواوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.



ئێران لەسەر بنەمای ئەوەی دۆستی دوژمنەکەم، دوژمنی منیشە، بەو جۆرە سەیری کوردستانی باشوور دەکات، لەم ڕوانگەیەو لەبەر ئەوەی کوردستان خۆی بەدۆستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزانێت، ئێران ئەم دۆستایەتییە بە دوژمنایەتی بۆ خۆی لێکدەداتەوە، هەر بۆیەشە نایەوێت دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێن. لەم ڕوانگەیەوە کاتێك سەیری عینادی و زمانی هەڕەشەئامێزی حەیدەر عەبادی دەکەین، دەبێت باش لەو ڕاستییە ئاگادار بین کە حەیدەر عەبادی وەك سەرۆك وەزیران خاوەنی هیچ بڕیارێك نییە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە، ئەوەی لە بەغدا بڕیاربەدەستە، ئەو میلیشیایانەی حەشدی شەعبین کە فەرمان لە قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران وەردەگرن. بۆیە بەڵگەنەویستە ئەگەر بڵێین: لە ئێستادا شەڕەکە لەنێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عەبادی نییە، بەڵکو شەڕەکە لەنێوان ئێران و ئەمریکادایە و ئەوەی دەستوورەکە جێبەجێ ناکات، ئێرانە، نەك عەبادی. بۆیە لەم حاڵەتەدا،



گرنگە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پرسی جێبەجێکردنی دەستوور بکاتە پرسێکی مولزەم و ئەگەر عێراق ملی نەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەوە، دەبێت لەژێر فەسڵی حەوتەمی پاکتی نەتەوە یەکگرتووەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە زەبری هێز پێی جێبەجێ بکرێت.

تورکیا هەر زوو لە وەرچەرخانی هاوکێشەکە تێگەیشتووە، بۆیە ئێستا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر هەرێمی کوردستان گۆڕیوەو دەزانێت هاتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی فیتنەیەکی گەورەی لێ دروست دەبێت و پریشکیش بەر تورکمانەکان دەکەوێت، لە هەمانکاتدا ئەگەر حەشدی شەعبی بگەنە سنوورەکانی تورکیا، ئەوا ئاسایشی تورکیا بە تەواوەتی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە تورکیا دەزانێت لە بەرژەوەندیی ئەو تەواو نایێت.

لایەنێکی دیکە کە دەخوازم ئاماژەی پێبکەم، ستراتیژیەتی ریفراندۆم و مەغزای جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقە، گومانی تێدا نییە سەرۆک مسعود بارزانی وەك ستراتیژ سەیری ریفراندۆم دەکات و ئەم ستراتیژەش ئاکامێکیی ئیجابییانەی جێبەجێنەکردنی دەستوورە، بۆیە وەك ستراتیژ ریفراندۆم ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەوجا ئەمڕۆ بێت، یان سبەی، بەڵام کاتێك کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە هەڵە لەم ستراتیژە تێدەگات و دژایەتی ریفراندۆم دەکات، بۆیە نێچیرڤان بارزانی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچارە پەنا بەرێتە بەر تاکتیك و بە زمانی تاکتیك لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قسەبکات و پابەندبوونی خۆی بە دەستوور و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی عێراقەوە پیشانبدات، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر عێراق ئامادە بێت تەواوی دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەوا کوردستان هاوکاریی دەکات، لەم حاڵەتەدا ئەم تاکتیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە تەواوکار بۆ ستراتیژیەتی ریفراندۆم، لەبەر ئەوەی ئەگەر دەستوورەکە جێجێ بکرایە، ئەوا هیچ پێویست نەبوو کە هەرێمی کوردستان ریفراندۆم ئەنجامبدات.

بە خوێندنەوەی من بۆ بارودۆخی سیاسیی ئێستا، حکومەتی عەبادی توانی سوود لە بەهەڵەتێگەیشتنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ دژایەتی ریفراندۆم وەربگرێت، بەڵام هەرگیز ناتوانێ لە گەمەی تاکتیکی جێبەجێکردنی دەستووردا سەرکەوتوو بێت، بۆ ئەمەش ئەگەر سەرنج لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی لەدوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بدەین، بە ئاشکرا هەست بەو ڕاستییانە دەکەین کە ئەوانەی پێش ریفراندۆم پشتگیری حکومەتی عێراقیان دەکرد، ئێستا بۆیان دەرکەوتووە پرسەکە بەو شێوەیە نییەو خەریکە دەبنە دژی هەڵویستەکانی حکومەتی عێراق، هەر بۆ نموونە کاتێك ئەمریکا داوا دەکات نفووزی ئێرانی لە عێراقدا نەمێنێت و پاشان دەردەکەوێت ئەوە ئێرانە لە عێراقدا حوکمڕانی دەکات، نەك عەبادی، ئەوا پشتگیریی ئەمریکا بۆ حکومەتی عەبادی دەگۆڕێت بۆ جۆرێکی دیکە، یان ئێستا فەرەنسا داوا دەکات دەستوور و ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و حەشدی شەعبی هەڵبوەشێتەوە، کە عەبادی ناتوانێ ئەم کارە بکات، ئەوا فەرەنسا دەبێتە دوژمنی عێراق، بەڵام لە بەرامبەردا هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر پشتگیری لێدەکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر تاکتیکی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی دەستوور بە تەواوەتی لە خزمەتی ستراتیژیەتی ریفراندۆمدایە و ئێرانیش کە ئێستا لەژێر پەردەی حکومەتی عەبادی حوکمڕانیی عێراق دەکات، دەستەکەی ئاشکرا دەبێت و زەمینەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئێران زیاتر دەڕەخسێنێت.

**ئێران لەسەر بنەمای ئەوەی دۆستی دوژمنەکەم، دوژمنی منیشە، بەو جۆرە سەیری کوردستانی باشوور دەکات، لەم ڕوانگەیەو لەبەر ئەوەی کوردستان خۆی بەدۆستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا دەزانێت، ئێران ئەم دۆستایەتییە بە دوژمنایەتی بۆ خۆی لێکدەداتەوە، هەر بۆیەشە نایەوێت دەستووری عێراق جێبەجێ بکرێت و کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر لەچوارچێوەی دەستووردا چارەسەر بکرێن**

**لەچەند ڕۆژی ڕابردوو ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا نامەیەکی توندی وەک هۆشداری داوەتە ئێران و لەوە ئاگاداری کردۆتەوە کە هێزەکانی حەشدی شەعبی، یان هەر هێزێکی دیکەی پاشکۆی ئێران زیان لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بدات، ئەوا ئەمریکا بە توندی وەڵامدانەوەی دەبێت**

**ئێران پایەتەختی چوار دەوڵەتی عەرەبی داگیرکردووە کە بریتنین لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەن، ئەمەش مەترسیی گەورەی لەسەر تەواوی ناوچەکە و دەوڵەتانی کەنداو دروستکردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی سعودیە و کەنداو هەست بەوە بکەن کە پێویستە شەڕی مان و نەمان بکەن**

# بەرەی راستڕەوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران

**کەلێنی نێوان بیرکردنەوە و کردار، یاخود کەلێنی نێوان داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت کەلێنێکی گەورەیە. بەڵام بەرپرسیارێتی ئێمە ئەوەیە هەوڵی هێنانەدی گۆڕانکاری ئیجابی بدەین**

ئاشکرایە سیاسەتەکانی ئیدارەی ئۆباما لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سیاسەتێکی پڕ لە دوودڵی بوون، بەڵام ئێستا ئیدارەی ترەمپ ئەو سیاسەتانەی تێپەڕاندووە. چونکە لە کاتێکدا جەخت لەسەر ئەنجامدانی بزنس و بازرگانی و پەیوەندییە سەربازییەکان دەکاتەوە، ئەوا بەردەوام رێگاچارەیەکی ستراتیژی دەگرێتەبەر بۆ پشتیوانیکردن لەوەی من پێی دەڵێم بەرەی راستڕەوەکان کە هەر یەکە لە عەرەبستانی سعودیەو هاوپەیمانەکانی لە کەنداو، ئیسرائیل و ئەردەن و میسر لەخۆدەگرێت.

ئەم بەرەیە پتر پاڵنەری سەرکردەکانی لە پشتە، نەك ئەوەی بنکەیەکی جەماوەری هەبێت، زیاتر بەرگێکی ئایدیۆلۆژی و پراگماتی بە بەردا کراوە و زۆرتر جەخت لەسەر بواری تەکنەلۆژی و سەربازی دەکاتەوە، نەك ئەوەی ئاقارا و ئاراستەیەکی ئایینی هەبێت. خۆ ئەگەر هاتو ئایینیش بەکارهێنرا، ئەوا بەکار دەهێنرێت بۆ پشتڕاستکردنەوە، یان پاساوهێنانەوە بۆ کۆمەڵێ سیاسەت و کاروکردەوە کە پێشتر بڕیاریان لەسەر دراوە.

بەرەی راستڕەوەکان پتر کاردانەو و پەرچەکردارە لە بەرامبەر ترس، یان نیگەرانیی پەیوەست بە دەستڕۆیشتوویی ئایدیۆلۆژی، سەربازی و سیاسی هەڵکشاوی ئێرانەوە لە چەند ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نێویاندا عێراق، لوبنان، سووریا و یەمەن، هەروەها پەرچەکرداوە لەبەرامبەر تمووحە ناوکییەکانی ئێرانیشدا.


**ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری ئیجابی رووبدات و ئەم گۆڕانکارییەش درێژخایەن بێت، پێویستە هەردوو شێوازی حوکمڕانی لەسەرەوە و بەشداری هاووڵاتیان لە خوارەوە لە زەمینەیەکی هاوبەشدا یەک بگرن بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی باش و خۆشگوزەرانییەکی باش بێتەئاراوە**

بارگرژیی نێوان سعودیە و ئێران بارگرژییەکی راستەقینەیە، لە کاتێکدا کە بناغەیەکی تایفەگەریشی هەیە، بۆ نموونە (دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننە)، بەڵام بە رادەیەکی گەورە پەیوەستە بە دەسەڵات و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر و رێگەگرتن لەلایەنی رکابەر تاوەکو بواری باڵادەستی بۆ دروست نەبێت. هەڵکشانی هیلالی شیعەی ئێرانی بە هەڕەشەیەکی وجوودی لای سعودییەکان لە قەڵەم دەدرێت.

هەر لەم روانگەیەوەیە کە دەتوانین تێگەیشتنێکمان بۆ دروست بێت لەبارەی ئەو سەنگەرگرتنەی لە شەڕی ناوخۆیی سووریادا دروست بووە، لەگەڵ ئەو شەڕی بەوەکالەت و ئەو کارەساتە مرۆییەی کە لە یەمەندا لەئارادایە، هەروەها ئەو دووبەرەکییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و قەتەردا دروست بووە، بە هەمان شێوە تێبگەین لەو تەنگ و چەڵەمەیەی دوچاری حوکمڕانیی لوبنان بۆتەوە، هەروەها لە هاوکاریی نێوان سعودیە و ئێرانیش.

ئەمە سەرەڕای پێداگیریی سعودیە بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی ئەو وڵاتە ناوی لێناوە روانگەی ٢٠٣٠ کە لەلایەن شازادەی جێنشین محەمەد کوڕی سەلمان کوڕی عەبدولعەزیز ئال سعودەوە پەرەی پێدراوە، کە پێیوایە شانشینی سعودیە بریتییە لە «دڵی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، کانگای هێزی وەبەرهێنان و مەڵبەندی پێکەوەگرێدانی سێ کیشوەرە.» ( واتە ئاسیا، ئەوروپا و ئەفریقیا ).

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ئاڵوگۆڕەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە- ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی ئەو پەرەسەندنانە هەمیشە کارێکی



سەلیبا سارسار

بۆ گوڵانی نووسیوە

**سەلیبا سارسار خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی و تایبەتمەندە لە کاروبارەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ئێستادا پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی نوی جێرسی، توێژینەوە لە چەند بوارێکی گرنگدا ئەنجام دەدات، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. گوڵان لە میانەی پەیوەندییەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو پەرەسەندن و ئاڵوگۆڕانەی لەم ناوچەیەدا دەگوزەرێن، ئەویش پێی باش بوو لە شێوەی وتارێکدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە.**

ئاسان نییە- شەڕ و ناکۆکی و ناسەقامگیریی زیاتری لێبکەوێتەوە. لەوەش زیاتر، با ئەوەمان لەبیر بێت کە هەندێ تەحەددی هەن کە وا دەردەکەوێت نەتوانین زاڵ بین بەسەریاندا، بۆ نموونە، توندڕەوی ئایینی، بێکاری گەنجان و پێگەی لاوازی ئافرەتان. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە هەوڵی چڕ و پڕ هاوشان بە وەبەرهێنانی گەورە لە بواری دامەزراوەیی و دارایی و سەروەری یاسا بدرێت بۆ باشترکردنی بارودۆخەکە لەسەر ئەرزی واقیع. لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە باشترکردنی بارودۆخەکە ببێتەهۆی هێنانەئارای دیموکراسی. ئەگەر بمانەوێت گۆڕانکاری ئیجابی ڕووبدات و ئەم گۆڕانکارییەش درێژخایەن بێت، پێویستە هەردوو شێوازی حوکمڕانی لەسەرەوە و بەشداری هاووڵاتیان لە خوارەوە لە زەمینەیەکی هاوبەشدا یەك بگرن بۆ ئەوەی حوکمڕانییەکی باش و خۆشگوزەرانییەکی باش بێتەئاراوە.

پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکردەکانی دەرەوەی ئەم ناوچەیە بە بڕیارەکانیاندا بچنەوە و درك بەوە بکەن کە گەمەی سفری و پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێز، هەمیشە زامنی دەستەبەرکردنی ئاسایش ناکات. بەڵکو دروستکردن و بنیادنانی ئاشتی ئەم ئامانجە دەهێنێتەدی.

لە کاتێکدا کە ئەمریکا بەردەوامە لە بینینی ڕۆڵێکی پێشەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام دەبێت هاوسەنگییەك لە نێوان پرەنسیپەکان و پرسی پراگماتیکیدا دروست بکرێت. خۆ ئەگەر خوازیاری ئەوەیە سیاسەتێکی دەرەکی جێگیر و کارای هەبێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا- هەروەك ئەوەی بەردەوام جەختم لەسەر کردۆتەوە- ستراتیژیەتێکی هەبێت کە سەرچاوەی گرتبێت لە پرەنسیپە باڵاکانی وەك دادوەری، یەکسانی، شەفافییەت، ستراتیژیەتێك بێت کە بنچینەکەی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خەڵك بێت.

بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ئێمە دەتوانین وێنای ئایندەیەکی گەشتر بکەین کە ئومێد و ئازادی و ئاسایش دەستەبەر بکات بۆ ئەو کەسانەی کە بۆ چەندین دەیەیە دوچاری ئێش و ئازار بوونەتەوە بە هۆی شەڕ و گەندەڵی و داگیرکاری و سەرکوتکاری، یان هەژاری.

هەروەها ئەو کاتە دەتوانین پێشبینی کۆتاییهاتنی کێشە درێژخایەنەکانی ناوچەکە بکەین، بەتایبەتی ناکۆکی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، ئەویش لەسەر بنەمای بوونی دوو دەوڵەتی خاوەن سەروەری، ئیسرائیل و فەلەستین، کە شان بە شانی یەکتر و بە شێوەیەکی پڕ لە ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئارامیدا بژین، هەروەها دەتوانین پێشبینی کۆتاییهاتنی ڕکابەریی نێوان ئێران و سعودیە بکەین.

بەو شێوەیە دەتوانین وێنای ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی دیموکراتی و فرەیی بکەین کە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ جیهاندا لە ئاشتیدا بێت.

ئاشکرایە کە کەلێنی نێوان بیرکردنەوە و کردار، یاخود کەلێنی نێوان داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەت کەلێنێکی گەورەیە. بەڵام بەرپرسیارێتی ئێمە ئەوەیە هەوڵی هێنانەدی گۆڕانکاری ئیجابی بدەین.

**ئەگەری ئەوە هەیە ئەو ئاڵوگۆڕەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەئارادایە- ئەگەرچی هەڵسەنگاندنی ئەو پەرەسەندنانە هەمیشە کارێکی ئاسان نییە- شەڕ و ناکۆکی و ناسەقامگیریی زیاتری لێبکەوێتەوە**

**بارگرژیی نێوان سعودیە و ئێران بارگرژییەکی ڕاستەقینەیە، لە کاتێکدا کە بناغەیەکی تایفەگەریشی هەیە، بۆ نموونە (دابەشبوونی نێوان شیعە و سوننە)، بەڵام بە ڕاددەیەکی گەورە پەیوەستە بە دەسەڵات و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکتر و ڕێگەگرتن لەلایەنی ڕکابەر تاوەکو بواری باڵادەستی بۆ دروست نەبێت**

# ئاسوودەبوون لە سایەی سستەمێکی «داخراو»دا!

ژیان بریتی نییە تەنیا لە لایەنی ماددی: سروشت، سامان، موڵکایەتیی زەوی و ئامێر و کەلوپەل؛ ڕاستە ئەمانە چوارچێوە بۆ جۆر و شێوازی ژیان دادەڕێژن، کاریگەریی ئاستەنگەکان ناهێڵن یان کەمدەکەنەوە و، بگرە، باڵادەستیی مرۆڤ فەراهەم دەکەن- ئەمانە بنەمای گرنگن بۆ ژیان، زۆریش گرنگن... بۆیە مرۆڤ هەمیشە سەرقاڵە بە دابینکردنیان.

بەڵام بایەخدارتر لەمە بواری ناماددییە، لایەنی ڕۆحیی مرۆڤە کە فەیلەسوفی نەمساوی کارل پۆپەر ناویناوە «جیهانی سێیەم»- ئەو جیهانەی لەناو گیانلەبەران تەنیا مرۆڤ هەیەتی [جیهانی یەکەم- سروشت و ئادەمیزاد خۆی وەکو بەشێك لە سروشت... جیهانی دووەم- کاریگەریی جیهانی یەکەم بەسەر سایکۆلۆگیای مرۆڤەوە]*؛ بۆیەش پۆپەر پێی دەڵێ «جیهان»، چونکە بوارێکی تابڵێی فراوانە، سەرلەبەری ژیان و لایەنی مەعنەویی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین، لە کۆمەڵگادا ئایین ڕەهایانە کار لەسەر ئەم جیهانە دەکات، چونکە ئاسوودەیی ڕۆحی مرۆڤ لەخۆوە فەراهەم نابێ و سایکۆلۆگیاشی سەقامگیر نابێ، ئەگەر دەزگایەکی بەهێز و بەتوانا سەرپەرشتیی نەکات... ئەرکی سەرەکیی دەزگای ئایینی لەوە دایە سایکۆلۆگیای مرۆڤ ملکەچ و ڕۆحەکەی ئاسوودە بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە کێڵگەیەکی قۆرغکراوی ئایین نییە بەتەنیا، بەڵکو هەر فیکر و عەقیدەیەک، هەر ئایدیۆلۆگیایەک: زانستی- فەلسەفی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و



د. ڕەشاد میران

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

کولتووری دەتوانێ، بگرە پێویستە بخزێتە ناو ئەم جیهانەوە، بۆ ئەوەی بچەسپێ، بڵاوبێتەوە و سەرکەوێ.

لایەنی ڕۆحیی مرۆڤ ئاوێنەیەکی ڕوونی ئاستی هوشیارییەتی؛ هەرچەندی هوشیاریی تاکەکەسێک ئاست بەرز بێت- جا هوشیارییەکەی ئایینی، عیلمانی، نەتەوەیی... بێت، ئەوا لایەنی رۆحییەکەی بەو ڕادەیە «ئاسوودەیە». مەبەستیش لە ئاسوودەیی، لێرەدا، خۆگونجاندن و تێگەیشتنە لە ژینگە و دەوروبەر؛ ئەو کەسە ئاسووودەیە کە بەپێی مەعریفەکەی (ئایینی، فەلسەفی، زانستی...) تێگەیشتنی تەواوی هەیە بۆ ئەو ڕەوشەی تیایدا دەژی؛ بەڵام، دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئاسوودەبوون هەمیشە هاومانای ڕازیبوون نییە، دە هەر ژیان بە سروشت بواری ڕازیبوونی تەواو بە مرۆڤ نادات- هەمیشە لەیەکێک یان چەند بابەتێکدا کەموکوڕی و، تەنانەت، قەیرانیش سەرهەڵدەدەن و ئەو کەسە پێیانەوە سەرقاڵ و نارەحەت دەبێ. ئەوەش واتە مرۆی هوشیار لە چوارچێوە گشتییەکەی ژیاندا ئاسوودەیە، سەبارەت بە وردەکارییەکانیشی نارازی.

### ● ئاسوودەیی مرۆی هوشیار لە چییەوە دێ؟

پێش هەموو شتێک، ئەوە مەعریفەیە هوشیاریی مرۆڤ دروست دەکات؛ بە گوتەیەکیتر، بڕ و جۆری مەعریفەیە (ئایینی، گەلەکی، فەلسەفی، زانستی) ئاستی هوشیاری دادەڕێژێ. کەسێکی دیندار کە مەعریفەی ئایینیی قووڵی هەیە، هوشیارییەکەی بە پلەی یەکەم، بێگومان، ئایینی دەبێ؛ ئەم لە ڕوانگەیەکی ئایینییەوە

خۆی و دەوروبەرەکەی وێنادەکات- بیرکردنەوە، ڕەفتار و هەڵوێستەکانی سیمای ئاینییان بەسەرەوە دیار و ئاشکرایە. بەهەمان شێوەش هەڵگرانی جۆرەکانیتری مەعریفە. لێرەشدا، دەبێ فۆکس بخرێتە سەر «بڕی» ئەو مەعریفەیە؛ چونکە خەڵکی وا زۆرن کە لە سەر جۆرێک لە مەعریفە حسێب دەکرێن «گوایە پسپۆڕن!»، کەچی ئاستی هوشیارییان ئەوە ناسەلمێنێ.

بڕی مەعریفەی مرۆی هوشیار دەبێ بە ڕادەیەک بێ کە بەهۆیەوە بتوانێ لێکدانەوە و شرۆڤەی ژیان و دەوروبەر و ڕووداوەکانی بکات بە شێوەیەک، هەرنەبێ، تارمایی ئاستێکی «باشی» هزر و لۆگیکی پسپۆرییەکەی پێوە دیاربێ.

مرۆی هوشیاری تێرمەعریفە و تێگەیشتوو لە بنەماکانی ژیان، هەرگیز تووشی سەرسوڕمان نابێ- ئەم ئاسوودەیە و، بگرە، پێشبینیی گەلێ شتیش دەکات... ڕەنگە لە هەموو پێشبینییەکانیدا واقیع نەپێکی، ئەوەش بە حوکمی پەیوەندیی دیالێکتیکانەی نێوان دووانە چەمکی فەلسەفیی «زەڕووڕەت و ڕێکەوت» دا- لۆگیک ئاشنایە بە «یاساکانی» زەڕووڕەت و مرۆی هوشیار بۆچوونەکانی لەسەر دادەڕێژێ، بەڵام ڕێکەوت (صدفة) پێشبینیی ناکرێ و زۆر جار ڕەوتی زەڕووڕەت و پرۆسەکانی دەگۆڕێ؛ جا، ئەوە ڕێکەوتە کە لەنێو قەوارەی یاساکانی زەڕووڕەتدا هەمەڕەنگی (تنوع) دادێنێ. [ لە ڕاستیشدا، ئەگەر ئەم هەمەڕەنگییە نەبوایە هەموو بوار و لایەنەکانی سروشت و ژیان ڕوون و ئاشکرا دەبوون، ئەوساکە ژیان گەلێ ئاسان و ڕاستەڕێ دەبوو؛ بۆیە ڕێکەوت تەواوکەری زەڕووڕەتە و بەشێکە لێی جیانابێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، مرۆی هوشیار لە بۆچوونەکانیدا هەمیشە بوار بۆ ڕێکەوت دەهێڵێتەوە].

کەواتە، هوشیاری لەسەر بنەمای مەعریفە (بڕ و جۆرەکەی) دروست دەبێ و هەر ئەویشە ئاسوودەیی بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات.

لەم گۆشەنیگایەوە، ئەم بۆچوونە بەسەر تەواوی سستەمی کۆمەڵایەتیشەوە جێبەجێ دەبێ؛ چونکە ئەوە مرۆڤەکانن، بەپێی هوشیارییان، دەزگاکانی سستەمەکە (دەسەڵات، ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری...) بەڕێوەدەبەن. جا، هەر خەوش و کەموکوڕییەک لە چالاکی و دەور و کاریگەرییەکانی ئەم دەزگایانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی هوشیاریی کارمەندەکان.

کولتوور بە هەردوو لایەنییەوە، ماددی و مەعنەوی، شێوازی ژیان لە کۆمەڵگادا دەڕەخسێنێ و خۆشی بەرهەمی ئەزموونی مێژوویی و پێداویستییەکانی سەردەمی ئێستاکەیە. ئەگەر سەرنج بدەین، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، گاپی نێوان ئەزموونی مێژوویی و پێداویستییەکانی مرۆی ئیمڕۆ تا دێ فراوانتر دەبێ؛ دەتوانین ئەمە لە زۆر وردەکاریدا بەدیی بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەڵێین کە ژیانی کۆمەڵیی «مێژوویی» و تاکگەرایی سەردەم لەبەردەم یەکدیی وەستاوون... ژیانی تاکگەرایی مرۆی کورد، وەکو پێداویستییەکی چەرخی ئێستا، وردە وردە لە زیادبوون دایە؛ ئەوەش پەیوەستە بە پەرەسەندنی ئاستی هوشیاریی تاکەوە – سستەمی کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەگەرچی لە زۆر بواردا سیمای داخراوەیی هەر ماوە، بەڵام بە ڕادەیەکیش کرانەوەی ڕەخساندووە بەسەر دنیا و دەروبەر کە بەهۆیەوە مرۆی کورد گەیشتووە بە ئاستێک هەست بە بایەخی تاکەکەسیی خۆی بکات و تاکگەرایانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات. نموونەیەکی سادەی ئەمە، پێکهێنانی خێزانی بچووکە- جاران خێزان نەک هەر لەڕووی ژمارەی ئەندامانییەوە گەورە بوو، بەڵکو هەر لەنێو قەوارەی بنەماڵە (ماڵی گەورە) دا دەمایەوە و بۆ تاکەکەسیش جگە لە ژیانی کۆمەڵی چیتر نەدەمایەوە.

کەواتە، دەتوانین کولتوور بە شێوازێکیتریش دابەش بکەین بۆ توخمی کولتووریی کۆن و نوێ کە ئەندامانی کۆمەڵ لە نێوان بەرداشی ئەم دوو جۆر توخمە کولتوورییانەدا گیریان خواردووە و ئەم بارە، لە کۆمەڵگای ئێمەدا، بەڕادەیەکی زۆر داماوی و سەرلێ شێواویی بۆ داهێناوون. لەم ڕووەوە، دەتوانین سەرنج بدەین کە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا

ڕووبەڕووی چەندین دیاردەی ناکۆک و، تەنانەت، دژ بە یەکیش دەبینەوە- پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی هێشتا بەهێزی لە چەشنی: خزمایەتی، بنەماڵەیی، خێڵەتی و ناوچەگەری؛ هەروەها دەوری کاریگەری فیکری دینی و دەزگایەکی ئایینیی بەتوانا- هاوتەریب لەگەڵ تەکنۆلۆگیای پێشکەوتوو و فەراهەمبوونی ژیانێکی سەردەمییانە (هەرنەبێ بۆ بەشێکی ئەو خەڵکە) وەکو: خێزانی بچووک، خانوو و ئەپارتمان، مۆبایل، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت، ئۆتۆمۆبیل، فڕۆکەخانە و سەفەرکردن، زێدەبوونی دەرفەتی خوێندن، وەبەرهێنان و بازرگانییەکی چالاک و جۆرەها کەلوپەلی مۆدێرن... هەموو ئەمە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی ناهاوسەنگ (ناهارمۆنیی) خولقاندووە لە کۆمەڵگای کوردیدا کە، بێگومان، ڕەنگدانەوەی خۆیی هەیە لەسەر تاکەکەس و کەسایەتییەکەی، بەلای کەمەوە، ناسەقامگیر دەردەچێ. ئەمە هەمووی، بێ لە بارودۆخی (سیاسی- ئابووری- جەنگی) سەخت و ئاڵۆزی کە باڵی بەسەر کوردستانی باشووردا کێشاوە و خەڵکی ئەم دەڤەرەی تا ئەوپەڕی هەراسانکردووە.

جا، لە ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی و کولتووریی لەم چەشنەدا، مرۆی کورد دەبێ چ جۆرە هوشیارییەکی بۆ دروستبێ، سستەمی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانی کام و چەند مەعریفەی بۆ دەرەخسێنن؟..

ئەوە سستەمی کۆمەڵایەتی و دەزگاکانیەتی لە کۆمەڵگادا ژیان بەڕێوەدەبەن، لە سەرووی هەمووشیانەوە دەزگای دەسەڵاتی سیاسی کە، وەکو لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەموو بوارەکانی حوکمڕانی و دەسەڵاتی قۆرغکردووە و تاکە کاندیدە بۆ هەر دەستوبردێک لە پێناو هێورکردنەوە و باشترکردنی ڕەوشەکە.

چاکسازیی هەرە پێوست و بایەخدار، لە ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو، دەبێت لە بوارەکانی کولتوور و پەروەردەدا بێت— ئەوەی لەماوەی چارەگە سەدەیەکدا لەلایەن ئێمەوە نەکرا؛ ئەم چاکسازییەش بە مەبەستی داهێنانی گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا... پێش هەموو شتێکیش بەهێزکردنی بەهاکانی: ئینتیما و دڵسۆزی، یەکسانی و دادی کۆمەڵایەتی، کارکردن و هاوکاری، لێبووردەیی و لەخۆبووردن، پەیڕەوکردن و ڕێزگرتن لە یاسا و...

ئەوەش، بەپەلە و بۆ ئیمڕۆکە، تەنیا بە پیادەکردن و پەیڕەوکردنی ئەم بەهایانە لە ژیانی ڕۆژانەی هەستپێکراودا لەلایەن خوودی بەرپرس و دەسەڵات بەدەستانەوە بە ئەنجام دەگا و کاریگەریی بەرچاوی دەبێ. لە بواری ستراتیجیش، بۆ نەوەکانی دواتر، چاکسازی لە پەروەردەدا و تیایدا لە پاڵ مکوڕبوون لەسەر چەقاندنی ئەم بەهایانەی سەرەوە لە هزر و دەروونی نەوەی نوێدا — بێگومان بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی مامۆستا و گەڕاندنەوەی ڕێز و «بەها»ی مامۆستایەتی، پرۆسەی پەروەردەکردن و پێگەیاندن دەباتە ئاستێکی گەلێ باشتر؛ با هەر نەبێ بۆ نەوەی تازەپێگەیشتوو، بە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییان، «ئاسوودەیی» فەراهەم بکەین... بۆ ئەمەش چاوخشاندنێک بە ئەزموونی وڵاتان — کۆریا و یابان — بێ سوود نابێ.

ئەرکی سەرەکی و هەرەگرنگی دەسەڵات، بەتایبەتی، لە هەلومەرجی وادا- پاراستنی ئاشتیی کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی ئاسایشی کۆمەڵگایە... کۆمەڵبوونەکانی خەڵک لە ڕەوش و کەشوهەوایەکی ئاسایی و سەقامگیر و بێ دڵەڕاوکێ دەتوانن ئاشتییانە بەیەکەوە بژین، دەنا ناکۆکی و ئاژاوە و بەرەڵایی و چەندین دیاردە و ڕووداوی دیکەی نەخوازراو ژیانی کۆمەڵایەتی سەختتر و هەراسان دەکەن و هەڕەشە دەکەوێتە سەر خوودی دەسەڵاتی سیاسیشەوە.

ئەمە ئەرکی سەرەکیی دەسەڵاتە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، کەچی لە کۆمەڵگای ئێمەدا و بەو ڕەوشەوە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، دەبێتە ئەرکێک گەلێ گرنگتر لە تەنیا دەستگرتن بە دەسەڵاتەوە.

---

* کارل بوبر (اسطورة الاطار) — ترجمە د. یمنی الخوری. عالم المعرفە،٢٩٢، ٢٠٠٣، ص١٠



# ژینۆسایدی کورد لە دووزخورماتوو

## دووبارەکردنەوەی تاوانەکانی بەعسە لەلایەن حەشدی شیعەوە

ئافرەتێکی بەساڵاچوو:
**ژمارەیەک چەکداری دەمامکداری شیعە دەستدرێژییان کردە سەر کچێک، هەر بۆیە باوکی مێشکی تێکچوو، لە ئەنجامدا خۆی و کچەکەشی کوشت**

پیاوێک:
**حەشدی شەعبی چەندین برینداری خۆبەخشی شارەکەیان لەسەر بینایەی سایلۆی دووزخورماتوو خستە خوارەوەو ژمارەیەکی دیکەشیان بە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیان بەناو شاردا راکێشا**

گەنجێک:
**دیمەنی دەرگا شکاوو ماڵە سووتاوەکان و تەقاندنەوەی ماڵە کوردەکان تراژیدیایەکەو باشترین بەڵگەیە بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد و ئەنجامدانی ئەنفالێکی تر**

پێشنوێژی یەکێک لە مزگەوتەکانی دووزخورماتوو:
**خەڵکی دووز زوڵمیان لێکراوەو حەشدی شەعبی سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکانی نەتەوەو ئایینیش کردووە**



تاوانەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراق لە دووزخورماتوو کە دەرهەق بە هاووڵاتیانی مەدەنی و ئافرەت و منداڵ ئەنجامیاندا، هەموو بەها مرۆییەکانی تێپەڕاندووەو دەچێتە خانەی تاوانەکانی جەنگ و جینۆسایدی گەلی کوردەوە، تەنانەت حکومەتی عێراقیش بەرامبەر ئەم تاوانانە بێدەنگ بووەو چاوپۆشی لە سەدان حاڵەتی رفاندن و کوشتن و دەستدرێژی بۆ سەر نامووس و تەقاندنەوەو سووتاندنی ماڵ و حاڵی کورد کردووە. دەرکردنی دەیان هەزار ئاوارە لە دووزخورماتوو داقوق و پارێزگاکانی کەرکووك و دیالە و موسڵ، هەروەها سووکایەتیکردن بە تەرمی شەهیدەکان و راکێشانیان بە پشتی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان لەلایەن حەشدی شەعبی بە وێنەو ڤیدیۆ بەڵگەنامە کۆکراوەتەوە و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێ ئاگادار کراوەتەوە، بەڵام هاووڵاتیانی دووزخورماتوو، داقوق، کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی داگیرکراو گلەیی و رەخنەیان لەوە هەیە کە هاوکاری و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانەکان لە ئاست گەورەیی ئەو جینۆسایدەدا نەبووە. گۆڤاری گوڵان ئاوارەکانی دووزخورماتووی بەسەر کردەوەو لە نزیکەوە شایەتحاڵەکانی دواند و بەمجۆرە باسی تراژیدیاکانی جینۆسایدی هاووڵاتیانی کوردی دووزخورماتوویان کرد.

لەکەمپی سورداش لە پارێزگای سلێمانی کە نزیکەی ٣٠٠ خێزانی ئاوارەی دووزخورماتووی تێدایە، هەرکەسەو چیرۆکێکی ئەو مەرگەساتە دەگێڕێتەوە کە بەسەریاندا هاتووە، بەڵام لێرەش لەترسی تەقاندنەوەی ماڵەکانیان لە دووز و ڕێگریکردنیان لە گەڕانەوەیان بۆ سەر زێدی خۆیان و شاردنەوەی جینۆسایدەکە هاونیشتمانیانی دووزخورماتوو بە نهێنی و ترسەوە باس لەو تراژیدیایە دەکەن و هەندێکیان بەناوی خوازراوە قسەیان بۆ مان کرد، چونکە وەك خۆیان باسیان کرد، لە ناو کەمپەکەش فشارێك کە ڕووبەڕوویان بووەتەوە کە وایکردووە نەتوانن بە ئازادانە قسە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بکەن.

سەرەتا هاووڵاتی ساڵح عەلی لە کەمپی سورداش باسی لە سەرەتاکانی هێرشی چەکدارانی حەشدی شەعبی بۆ سەر شارەکەیان کردو وتی: «کاتێك کاتژمێر ١:٣٠ شەو چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و بەهاوکاری میلیشیاتی حزبوڵای لوبنانی و پاسدارانی ئێران هێرشیان هێنایە سەر دووزخورماتوو، پێشمەرگەو هاوڵاتیانی خۆبەخشی ناو سەنتەری شارەکەو کادیرەکانی بارەگا حزبییەکانی مەڵبەندی یەکێتی و لقی پارتی شەڕیان کرد، بەڵام کاتێك لە بەرەبەیاندا هەواڵی ناپاکی و کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بەناو شاردا بڵاو بووەوە، دۆخەکە زۆر گۆڕا، هەربۆیە کاتژمێر ٧ی بەیانی بارەگا حزبییەکان شارەکەیان چۆڵ کردو، حەشدی شەعبی بە چەکی قورس بۆردومانی گەڕەکە کوردییەکانی کردو چەندین گوللە هاوەن بەر ماڵە کوردەکان کەوت و شەهیدو بریندارێ زۆری لێکەوتەوە، لەوەش ناخۆشتر ئەوە بوو کە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی چەندین بریندارێ خۆبەخشی شارەکەیان لەسەر بینایەی سایلۆی دووزخورماتوو خستە خوارەوەو ژمارەیەکی دیکەشیان بە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانیان بەناو شاردا ڕاکێشا، ئەم سووکایەتیکردنە بە بریندارو تەرمی شەهیدەکان تەنیا بۆ چاوترساندنی خەڵکی و دەرکردنی تەواوی کوردەکانی شارەکە بوو.» ئەو هاووڵاتییەی دووزخورماتوو ئاماژەی بەوەش دا کە خەڵکی دووزخورماتوو خەڵکێکی شۆڕشگێڕن و لەشەڕی داعشدا هەمووی وەکو پێشمەرگە مامەڵەیان دەکردو بەرگرییان لەهەموو پێکهاتەی شیعەو سوننەو تورکمانەکان کردووە، کەچی ئەوان لەگەڵ یەکەمین فرسەتدا ماڵە کوردەکانیان تەقاندەوەو تاڵانیان کرد. هەر سەبارەت بە تەقاندنەوەو سووتاندنی ماڵە کوردەکان هاونیشتمانی ئەنوەر ئەمیر وتی: «من لەم ڕۆژانەدا بەدوای سۆراغی گەنجێکی خزمم سەردانی دووزخورماتووم کرد، بەچاوی خۆم دیمەنی ئەو هەموو ماڵە سووتاو و تەقێندراوەم بینی کە هەرچی ئامێری تەلەفزیۆن و سەلاجەو کەلوپەلی باش هەیە، تاڵان کراوەو ئەوەی بۆیان نەبردراوە سووتاندوویانە، دیمەنی دەرگا شکاوو ماڵە سووتاوەکان و تەقاندنەوەی ماڵە کوردەکان تراژیدیایەکەو باشترین بەڵگەیە بۆ جینۆسایدکردنی نەتەوەی کوردو ئەنجامدانی ئەنفالێکی تر.» ئەوەشی دووپات کردەوە کە «حەشدی شەعبی بە مەبەستی زیانگەیاندن بە کوردەکان و ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەیان، هەڵساون بە سووتاندنی بازاڕی حەسەن قەوان کە بە بازاڕی کۆماری ناسراوە، تەنانەت کەلوپەلی بنکە تەندروستییەکان و قوتابخانەکانی گەڕەکە کوردەکانییان تاڵان کردووە، ئەم حاڵەتی تەقاندنەوەو سووتاندن و دزین و شکاندنی هەیکەلی شاعیرو هونەرمەندە کوردەکان و سووکایەتیکردن بەو شەهیدانەی پێشمەرگە کە ڕێگەیان نەدا، پێکهاتەکانی شارەکە بە شیعەو تورکمانەوە لەناو ببەن، بەمجۆرە وەڵام درانەوە، کە تا ئەمڕۆش تەقاندنەوەو سووتاندنی ماڵی کورد و تاڵانکردنی دوکانە کوردەکان بەردەوامی هەیە.».

ئەوەی هاووڵاتیانی دووزخورماتووی زۆر نیگەران کردووە، بوونی چەند «خۆفرۆشێکە» کە بە شێوەی دەمامکدار لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبیدان و چاوساغییان بۆ دەکەن و ماڵی ئەو کوردانەیان بۆ ئاشکرا دەکەن کە کوڕەکانیان پێشمەرگەیەو دواتر دەیاندەقێننەوە، چەند چەکدارو هێزێکی پۆلیسی کوردیش بە بێ چەك ڕێگەیان داون، تەنیا سەیرکەری تاوانەکانی ئەوان بن و بێدەنگ بن لەبەرامبەر دزین و کوشتنی کورد، هەربۆیە ئاوارەکانی دووزخورماتوو لێرەش لەترسی تەقاندنەوەی ماڵەکانیان ناتوانن بەئاشکرا قسە بکەن و دەڵێن فشارمان لەسەرە. لەمبارەیەوە لە کەمپی سورداش مامۆستایەکی دووزخورماتوومان دواندو ڕێگەی نەدا وێنەی بگرین، ئەو مامۆستایە پێی وتین کە ئەوان لێرەش فشاریان لەسەرەو نابێت باسی جینۆسایدی دووزخورماتوو بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا وتی: «ئەو خۆفرۆشانەی چاوساغی چەکدارەکانی حەشد بوون، یەك ڕۆژ جورئەتی ئەوەیان نییە لە دووزخورماتوو بمێننەوە، هەر لەکۆتایی هەفتەی ڕابردوودا بوو، ماڵەکانی حەسەن سەیدو دکتۆر حەتمان و چەندین ماڵی دیکەی پێشمەرگەیان تەقاندەوە، ماڵ و دوکانەکانی کوردیان فەرهوود کردووە، کەچی ئێمە نابێت قسە بکەین و هەڵوێست وەربگرین، گەنجێکی کوردیان ڕفاندووەو داوای ٥٠ هەزار دۆلار لەکەسوکاری دەکەن، لە ڕابردووشدا کاتێك چەکدارانی حەشدی شەعبی تاوانی دەرهەق بە کورد ئەنجام دەدا، هەر ئەم گرووپە بوون ڕێگەیان نەدەدا ڕووبەڕوویان ببینەوە، بە بیانووی ئەوەی دۆخەکە تێکنەچێت، ئێستا دەرکەوت کە ئەمە پێشوەختە پلانی بۆ داڕێژراوە.»

هێلین جاسم کە قوتابییەکی دووزخورماتووە دەڵێت:

«ژیان لە دووزخورماتوو بوونی نییە، لە هەر گەڕەکێکدا یەك دوو پیرەژن و پیرە مێرد ماون، هەر لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ هات، کەس لە گەڕەکە کوردەکان نامێنێت و شەوانە هامەرو ئۆتۆمبێلە سەربازییەکانی حەشدی شەعبی بە کۆڵانەکاندا دەسووڕێنەوەو دەرگاکانی ماڵە کوردەکان دەشکێنن و کەلوپەلەکانیان تاڵان دەکەن، تەنانەت شەو نییە دوو سێ ماڵی کورد نەتەقێننەوە.»

هەر سەبارەت بە تاوانەکانی حەشدی شەعبی ئافرەتێك بە تەمەن بەناوی فاتیمە روشدی باسی لەو دەستدرێژییانە کرد کە کراوەتە سەر ناموسی کوردو وتی: «چەکدارەکانی حەشدی شەعبی دەستدرێژییان کردۆتە سەر چەندین ئافرەتی کورد کە لەو شارەدا ماوەنەتەوە، دواهەمینیان خێزانێکی دووزخورماتوو بوو، پیاوەکە بەرگەی ئەو تاوانەی نەکرد کەلەبەر چاویدا ژمارەیەك چەکداری دەمامکداری شیعە دەستدرێژییان کردە سەر کچەکەی، هەر بۆیە ئەو باوکە مێشکی تێکچوو، لە ئەنجامدا خۆی و کچەکەشی کوشت، نەك هەر ئەمە، من بەچاوی خۆم لەکاتی هەڵهاتنەکەدا، خێزانێکم بینی کە لەسەرمادا منداڵە ساواکەیان گیانی لەدەست دا، ئەوەی حەشدی شەعبی دەیکات هۆلاکۆ و تەتەریش نەیکردووە.».

عەبدوڵا دوزی، یەکێکە لەو هەزاران ئاوارەیەی خورماتوو کە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «ئەوەی لە دووز دەگوزەرێت، ئەنفالێکی رەشی ترە دژی کورد و تەعریبێکی شیعەیە دژی هاووڵاتیانی کورد لەم ناوچانەدا ئەنجام دەدرێت، لەم تاوانەشدا سوپای عێراق بەشدارەو بگرە پاڵپشتی و هاوکاری چەتەکانی حەشد دەکەن و جلوبەرگی هێزەکانی سوادیان داونەتێ، تاوەکو بە ئارەزووی خۆیان لەناو شارو گەڕەکە کوردییەکان بسووڕێنەوەو تاوان ئەنجام بدەن، هەربۆیە نابێت کورد لەم تاوانە دڕندانەیە بێدەنگ بێت.»

لە میانەی بەسەرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکانی دووزخورماتوو گوێبستی بەسەرهاتی زۆر بووین و باسی ئەوەیان دەکرد کە بە هاناوەچوونەکان بەپێی پێویست و لەئاست گەورەیی نەهامەتییەکەدا نەبووە و هاوکاری و یارمەتی نەگەیەندراوەتە هەموو ئاوارەکان، سەبارەت بە دۆخی ئاوارەکان کە پەرش و بڵاوبوونەتەوە و ٣٠٠ خێزانیان لەکەمپی سورداشن و ١٥٠ خێزانی دیکە لە کەمپی بەرزنجەن و ئەوانی دیکە لە ناحیەکانی سموود و دەوروبەری کەلار و کفری و چەمچەماڵ و بازیان و سلێمانی و هەولێر و دەوروبەری کەرکووك نیشتەجێبوون، ئەمە وێڕای بڵاوبوونەوەیان بە سەر زیاتر لە ١٧ گوندی ناوچەکەدا لەوانە گوندەکانی (عەرەب ئاغاو وارتێ و یان غاز و گەرمك و گومەتەبوور و چاڵە دوانەو ئاوایی چەچان و چەندین گوندی تری ناوچەکانی کفری و کەلار و سەنگاو و قادرکەرەم) کە لە بارودۆخێکی زۆر خراپدان.

لەم بارەیەوە مامۆستایەکی ئایینی بەناوی مەلا عەلی کە پێشنوێژی یەکێك لەمزگەوتەکانی دووزخورماتوو بووە، داوای هاوکاری و کۆمەکی زیاتری بۆ ئاوارەکان کردو وتی: «خەڵکی دووز زوڵمیان لێکراوەو حەشدی شەعبی سووکایەتی بە هەموو پیرۆزییەکانی نەتەوەو ئایینیش کردووە، ئەوەتا لەسەر مزگەوتەکانمان ئاڵای شیعەیان هەڵواسیوەو گەنجەکانمانیان کوشت و ماڵ و حاڵمانیان تاڵان کرد، هەرگیز میللەتی کوردم وا بە بێ دەسەڵات نەبینیوە، لە ساڵی ١٩٩١ تەنیا بە حەوت پێشمەرگە و ژمارەیەك خۆبەخش ئەم شارە ئازاد کرا، کەچی ئەوان هاتن و بە پێی پیلانێك و بە ٢٤ کاتژمێر شارەکەیان دا بەدەستەوە، رەفتارە وەحشییەکانی حەشد و پەراوێزخستنی نەهامەتی خەڵکی دووز ئازارێکی زۆری داوین، تەنیا چارەسەریش ئەوەیە هەرچی زووە کار بکرێت بۆ دەرکردنی حەشدی شەعبی لە شارەکەدا و هێزێکی پێشمەرگە جێگیر بکرێت، تاوەکو زامنی پاراستنی سەرو ماڵی خەڵك بکرێت و بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئێستا چۆن زامنی سەلامەتی منداڵ و خێزانەکانمان بین، لەکاتێکدا شار پڕ بووە لە چەتە و دز و پیاوکوژ؟ خەڵك چۆن لە ژێردەستەیی و ئیهانەکردندا ژیان دەباتە سەر؟» وتیشی: «خەڵکی دووز سواڵکەر نییە، خەڵکێکی تێرو نیشتمانپەروەرەو لە هەموو نەهامەتییەکانی گەلەکەماندا دەستی هاوکاری و یارمەتییان پێشکەش کردووە، خاوەنی سەدان شەهید و قارەمانن، هەربۆیە نابێت کورد رێگا بدات جینۆسایدی دووزخورماتوو وا بە بێدەنگی و بێهەڵوێستی بۆ هێزە چەکدارەکانی حەشد بچێتە سەر.»

هەر سەبارەت بەو گەڕەك و ناوچە کوردییانەی کە کۆمەڵکوژی و حاڵەتی تەقاندنەوەو سووتانی ماڵەکانی تێدا رووی داوە، هاووڵاتی حوسێن ساڵح وتی: «هەردوو گەڕەکی کۆماری و رزگاری زۆرترین تاوانی تێدا رووی داوە، زیاتر لە ١٠٠٠ ماڵی کورد تەقێنراوەتەوەو ٢٠٠٠ ماڵی تر تاڵان کراوەو ٣٠٠ ماڵیش سووتێنراوە، ئەمە جگە لە سووتانی بازاڕی کۆماری کە بازاڕێکی تایبەتە بەکورد، لەدوای ئەوەی لە بازاڕەکەی تر حەشدی شەعبی دوکانەکانی کوردیان دەدزی و دەیانسووتاند، کوردەکان ئەم بازاڕەیان بۆ خۆیان دروستکرد، ئەمڕۆ هەمووی تاڵان کران و سووتێنران، ئەمە جگە لە قوتابخانەکان و بارەگا حزبییەکان کە ئەوەی نەتەقێنراوەتەوە و نەسووتێنراوە، کراوەتە بنکەی چەکدارانی حەشدی شەعبی.»